# تۆبەی داركونكەرە و یاداشتە یەك لەدوا یەكەكانی هەندێك لە پەرلەمانتارانی كوردستان



د. جعفرئیبراهیم ئێمینكی *
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ناو فۆلكلۆری كوریدا پەندێك لەسەر زاری داركونكەرەوە هاتووە و دەڵێت: داركونكەرە هەموو شەوێك تۆبە دەكات و بەڵێن دەدات كە چیدیكە بە دەنووك دار كون نەكات، بەڵام كە رۆژ بووەوە جارێكی دیكە دەگەڕێتەوە سەر پیشەی جارانی و بە دەنووك بەردەبێتە كونكردنی دارەكە.

ئەم خەسڵەتەی داركونكەرە بۆتە پیشەی هەندێك لە پەرلەمانتارانی كوردستان، ئەوانیش بە شەو تۆبە دەكەن كە چیتر پەنا بۆ بڵاوكردنەوەی یاداشتنامە نەبەن، لەبەر ئەوەی خۆیان پێش هەر كەسێكی دیكە زۆر باش دەزانن ئەو جۆرە یاداشتنامانە نە دەخوێندرێنەوە و نە كەس هەیە جێبەجێیان بكات و، تەنانەت هیچ گوشارێكیش دروست ناكات، بەپێچەوانەوە دەركردن و بڵاوكردنەوەی ئەم جۆرە یاداشتانە رەنگدانەوەیەكی نەرێنی لەسەر هەست و دەروونی خەڵك دروست دەكات و دەبێتە هۆكاری ئەوەی زیاتر پەرلەمان ریسوا بكەن! پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی هەندێك لەو پەرلەمانتارانە جار لەدوای جار هەوڵی بێسوود دەخەنەگەڕ و خۆیان سەرقاڵ دەكەن بەدەركردنی یاداشتنامە و بانگهێشتەی بێ سەروبەر؟ لەكاتێكدا ئەوان پێش هەموو كەسێكی دیكە ئەو راستییە باش دەزانن كە خەڵكی كوردستان بڕوای بەو جۆرە یاداشت و بانگهێشتنامانە نەماوە و لەمەش زیاتر خەڵكی كوردستان هۆشیارە و دەزانێت ئەو پەرلەمانتارانە ناتوانن بەوجۆرە رەفتارانەیان و بەو یاداشتنامانەی دەریدەكەن، هیچ گوشارێك دروست بكەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵكی كوردستان باش دەزانێت ئەو كێشە و قەیرانانەی ئێستا لە كوردستاندا بوونیان هەیە، بە تەنیا كێشەی حزبێك، یان لایەنێكی سیاسی نییە، بەڵكو ئەمە كێشەیەكی گشتگیرە و هەموو لایەنەكان تیایدا بەشێكی ئەو كێشەیەیان دەكەوێتە ئەستۆ، راشكاوانەتر خەڵك ئەو راستییانەی بیرنەچۆتەوە كە زۆربەی ئەم كێشە و قەیرانە سیاسییانەی ئێستا رووبەڕووی هەرێمی كوردستان بوونەتەوە، هۆكاری سەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو ئاڵۆزی و ناتەباییەی كە لەناو پەرلەماندا دروستیانكرد.

لێرەدا جارێكی دیكە جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە میللەتی ئێمە هۆشیارە و راستییەكانی لێ چەواشە ناكرێت، بۆیە میللەت باش لە بیریەتی كە چۆن هەندێك پەرلەمانتار بەناوی پەرلەمانەوە و بۆ مەبەستی تەسكی حزبایەتی خۆیان ئاماری درۆیان لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بڵاودەكردەوە، هەروەها هەر ئەو پەرلەمانتارانە بوون كە بیروبۆچوونی تەسكی حزبایەتییان لەسەر شەقامەوە گواستەوە ناو هۆڵی پەرلەمان و، پەرلەمان لەبری ئەوەی ببێتە ناوەندێك بۆ لێكنزیككردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەكان و دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ كێشە و قەیرانەكانی خەڵكی كوردستان، بەڵام هۆڵی پەرلەمانیان كردە شوێنی درۆ و بوختان و تۆمەت بەشینەوە، ئەمەش تا گەیاندیانە ئەو رادەیەی كە زۆربەی دانیشتنەكانی پەرلەمان بە رق و كینە دەستی پێدەكرد و پاشانیش بە شەڕە جنێو و قسەی سووك بەیەكتری كۆتایی پێدەهات!

ئەو پەرلەمانتارانەی رۆژانە یاداشت لەدوای یاداشت بۆ تێكدانی ئاشتی كۆمەڵایەتی و قووڵكردنەوەی برینی نێوان لایەنە سیاسییەكان دەردەكەن، دەبێت ئەو

راستییانە بۆ خەڵك ئاشكرا بكەن، كە رەفتاری ئەوان بوو وایكرد پەرلەمانی كوردستان تەوافقی سیاسی هەڵبوەشێنێتەوەو بێمتمانەییەكی قووڵی لەنێوان لایەنە سیاسییەكان دروستكرد، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە رۆژانی دوایی ئەو كاتەشی كە پەرلەمان كارابوو، كۆبوونەوەكانی خۆی دەكرد، نەیدەتوانی هیچ پرۆژە یاسایەك تێپەڕێنێت، دیارە هەر نەبوونی متمانەی نێوان لایەنە سیاسییەكانیشە كە پەرلەمان هۆكاری سەرەكییەتی و بۆتە هۆكاری ئەوەی پرۆسەی سیاسی رووبەڕووی جۆرێك لە چەقبەستوویی بۆتەوە و چارەسەری كێشەكانیشی بەرەو دەرگا داخراوەكان بردووە.

ئەوەی لەناوەڕۆكی ئەو یاداشتنامانەدا دەخوێندرێتەوە، هێندەی هەوڵی ئەوە بەدی دەكرێت كە زیاتر كێشەكان ئاڵۆزتر بن و چارەسەریان مەحاڵ بێت، هێندە هەوڵێك نین بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بدۆزرێتەوە، هەربۆیە كاتێك سەرنج لە شێوازی داڕشتن و ریزبەندكردنی خاڵەكانی ئەو یاداشتنامانە دەدەین، دەبینین كۆمەڵێك مەرج ریزكراون كە هەر تاكێكی ئاسایی كوردستان دەزانێت حكومەتی هەرێمی كوردستان ناتوانێت ئەو مەرجە تەعجیزییانە جێبەجێ بكات، یان هەندێك پرس رووبەڕووی حكومەت كراونەتەوە كە لەبنەڕەتدا كاری حكومەت نییە، هەر بۆ نموونە: ئایا دانانی دەستور ئیشی پەرلەمانتار و حزبە سیاسییەكانە، یان كاری حكومەتە؟ ئایا كێ رێگربووە لەوەی لیژنەی دەستووری لە سەر كارەكانی خۆی بەردەوام بێت؟ با لە خۆیان بپرسن ئایا حكومەت هۆكارە بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە كارەكانی خۆی بەڕێوەنابات، یان حزبە سیاسییەكان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ خەڵك و رای گشتی لەكوردستان گرنگن، بۆ ئەوەی خەڵك و رای گشتی بزانن، ئایا چ هەوڵێك لە پشت ئەم هەوڵی هەندێك لە پەرلەمانتارانەوە خۆی حەشارداوە.

گومانی تێدا نییە مەبەستی شاراوەی ئەو ژمارە پەرلەمانتارە ئەوە بووە كە جۆرێكی دیكە لە ئاڵۆزیی سیاسی دروست بكەن، بۆ ئەوەی ژینگەیەكی سیاسیی ئەوتۆ بێتەئاراوە كە هەندێك لایەنی سیاسی بڕیاری ئەوە بدەن لە حكومەت بكشێنەوە، ئەمەش بەو ئومێدەی كە قەیرانە سیاسییەكان قووڵتر بكەنەوە و گوشار بخەنە سەر پارتی بۆ ئەوەی لەبەرامبەر گوشارەكانیان چۆك دابدات.

دیارە لێرەدا گرنگە ئەو خەڵكانە و ئەو پەرلەمانتارانەی بەو جۆرە بیردەكەنەوە، دڵنیایی تەواویان بدەینێ و پێیان بڵێین، ئەوەی ئێوە بیری لێدەكەنەوە، حیسابی وردی بۆ كراوە، بۆیە ئەگەر جارێكی دیكە باشتر پێداچوونەوە بە مێژووی هاوچەرخی كوردستاندا بكەنەوە، دەگەنە ئەو راستییەی كە ئەم هەوڵانەتان و هیچ هەوڵێكی دیكەی لەمجۆرەتان هیچ بەرهەم و ئاكامێكی نابێت. دەبێت بە ئاشكرا ئەو راستییە ببینن و بگەنە قەناعەت كە دەبێت حوكمڕانیی راستەقینە لە كوردستاندا بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستاندا بكرێت، ئەمەش راستییەكە ئەوەی مەبەستی بێت بە باشی لێی تێدەگات.

---

**[*]جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**


# ترازانی حزبە سیاسییەکان و تێکچوونی سەقامگیریی وڵات مەرام و ویستی کام وڵات جێبەجێ دەکات؟

ئەمڕۆ کوردستان بە ڕۆژانێکی سەختی لەیەکترازانی سیاسیدا تێدەپەڕێ کە هەر لایەنێك سیاسەتی خۆی بە ڕاستتر لەوەی تر دەزانێ، بەڵام هەموو جیهان تەنیا سیاسەتی یەك لایەن لە هەموویان بە ڕاستتر دەبینێ و بە درووستتری دەزانێ لەڕووی نەتەوەیی و سەربازی و لەڕووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کە ئەمانە هەموویان پێوەرن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی نێودەوڵەتی.

لە کوردستان تەنیا مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەستهێنەری ئەو پێوەرانەیە و دەکرا هەموو لایەنەکانی دیکەش وەك ئەم سەرکردەیە و پارتەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە لە کێبڕکێی خزمەتکردنی دۆزی نەتەوەکەمان بوونایە، خۆ دەشکرا و ئاسانیش بوو پارێزەری ئاسایشی نەتەوەییمان بن، نەك بۆ نمایشکردنی بەردەم میدیاکان ئەوەی نەدەبوو بوترێ، وترا و دوژمنانی نەتەوەی کوردمان پێ خۆشکرا، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی پلان و مەرامی دوژمنکارانە جێبەجێ بکرێت و پێشوازی و ژێر بەژێر مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا بکرێت کە دەستیان لە بڕینی مووچەو بژێوی ژیانی خەڵکدا هەبووە! پێشوازیکردن لە مالیکی و حزبی دەعوەو حەنان فەتلاوی و دوژمنە تەقلیدییەکانی وڵاتانی دەوروبەر چ مانایەکی هەیە لەمە زیاتر؟! ئێمەی گەلی کورد خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و خەباتین و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی مێژوویەکی تاڵی زەرەرمەندین کە بە هۆی لەیەکترازان و لەیەك تێنەگەیشتن زۆر جار گەیشتۆتە خوێنڕشتن و ماڵوێرانی و زەرەرمەندی یەکەم و کۆتاییش هەر گەلی کورد خۆی بووە، هەروەکو چۆن لەشەڕی ناوخۆ گەورەترین کارەسات بەسەر خەڵکی کوردستاندا هات. هەر لەو ساتانەوە و تا ئێستا دوژمنانی نەتەوەکەمان وەك نمایشکارانی نێو فیلمێکی دوور و درێژ تەماشامان دەکەن و بەدوای درزێکدا دەگەڕێن کە کەسانێکی بەرژەوەندیخواست و کورتبین تووشی ئەم میللەتەی دەکەن و ئامانجیان هەڵقوڵاوی کۆنە قین و ئیرەییە بەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو بەرەو پێشچوونی دیپلۆماسیەتی کوردستانی و دەرکەوتنی خۆری سەربەخۆییە، کاتێکیش نزیك دەبینەوە لەیەکتر ئەوان زۆر دڵتەنگ دەبن، چونکە ئەوان تەنیا بە لەیەکترازان و ئاژاوەکانی نێوانمان پێکەنینەکانیان هێندە زۆر دەبێت فرمێسکی شادی بە چاوەکانیاندا دێنێتەخوار..

پرسیاری من و هەزاران کەسی وەك من کە خەمخۆری خاکی کوردستان و کورد بوونن، ئەوەیە بۆ ئێمە ئەو نمایشکارە بین و تاکەی ڕێگە بە خۆمان بدەین ئەم کۆمیدیایە بۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان لە نمایشدا بێت؟! هیچ نەتەوەیەك لە جیهاندا بە لەیەکترازان نەگەیشتوونەتە ئامانج و هیچ کام لەو وڵاتە پێشکەوتووانە و بەهێزانەی ئەمڕۆ بە ناکۆکی و یەکدی ناشیرین کردن نەبوونەتە ئەو وڵاتە و هەموو کات وانەیان لە ئازار و تاڵییەکانی پێشوویان وەرگرتووە، بەتایبەت لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی. بۆ نموونە وڵاتی فەرەنسا بە یەکڕیزی و تەبایی خۆیان توانییان وڵاتی خۆیان ڕزگار بکەن لە دەستی نازییەکان کە فەرەنسایان داگیرکردبوو، وڵاتی ژاپۆن بە یەکڕیزی و تەبایی لەپاش لە دەستدانی دووسەد و دە هەزار ژاپۆنی کە بە بۆمبی ئەتۆمی نەمان و گیانیان لە دەستدا، گەیشتوون بەم وڵاتەی کە لە ئێستادا هەموو جیهان سەرسامیانەو

**ئەم دۆخە لە ڕۆژە سەخت و پڕ نەهامەتییەکانمانە و کاتی ئەوە هاتووە سەرکردەی وڵات بڕیاری بوێرانە بدات و بانگهێشتی سەرانی حزبە سیاسییەکان بکات و پێیان بڵێت چیتر نمایش بە مەینەتییەکانەوە مەکەن**



ڕێباز عوسمان- سلێمانی

بـە هەسـارەی ژاپـۆن ناسـراوە. ئێمـەی گەلـی کـورد دەبێـت بۆ گەیشـتن بە لوتکەی سـەرکەوتن و ئامانجی سـەربەخۆیی ئـەم وڵاتە، تەبایـی لە ناو یەکـدا بکەینە نموونـەی زێڕیـن و بـە هەنگاوەکانمانـدا بڕۆینـەوە، نـەك نمایشـکارە کۆمیدییەکـە بیـن بـۆ دوژمنانمان و فرمێسـکڕێژ و ناخکولاوەکە بـۆ خۆمان بین. هیچ کات دیموکراسـییەت مانـای ئـەوە نەبـووە لەم سـەر دنیا تا ئەو سـەری کە هەر شـتێکت بە دڵی خەڵکی ئەو وڵاتە نەبێت، بڕژێنە سـەر شـەقامەکان و هەوڵ بدەن کۆمەڵێك خەڵکی ئاژاوەگێڕ کۆبکەنەوە و شـار و وڵات کاول بکەن بەنـاوی بەدەسـتهێنانی ماف، یـان ئـەو داواکارییانەی کـە دەیکەنـە بیانـوو. زۆر جـار دیموکراسـییەتی ڕەها دەبێتـە هـۆکار بۆ تێکچوونی سـەقامگیریی وڵات، یان هەرێمێـك، بۆیـە هەمیشـە زمانـی نەرمـی گفتوگـۆ و پێکەوەدانیشـتن و لەیەکنزیکبوونـەوە، هێماکانـی سـەرکەوتن بـوون. هیچ کاتێـك لەیەکترازان سـەرکەوتن دروسـت نـاکات، کـە لەیەکترازانیش نەما گەیشـتن بە ئامانجـی نەتەوەیـی زۆر بارێکی ئاسـانە.

ئێمـەی ڕۆشـنبیران و ئەکادیمییـەکان پێویسـتە بـە بـەردەوام ئـەو پرسـیارە بکەیـن: ئایا جگـە لەگفتوگۆ چ بژاردەیەکـی دیکە لەکۆمەڵگەی دیموکراسـی هەیە؟ ئایـا لەم قۆناغـە هەسـتیارەدا لێدانـی وەزیرێکی کورد بەدەسـتی زۆر لەپەرلەمانتـارە کوردەکانـی حزبەکانـی بەرامبـەر، چ خزمەتێـك بەدۆزی کـورد دەکات؟ کاتێك میللـەت دەکەوێتـە مەترسـییەوە لەناوچەیەکـی وەکـو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە هەموومـان ڕۆژانـە بەدیار تیڤی-یەکانـەوە ئـازار و نەهامەتیـی گەلانی سـووریاو عێـراق و کوردانـی باکـوورو ڕۆژهـەڵات دەبینیـن، چ مەغـزاو مانایەك هەڵدەگرێت ئێمەش بەهەمان نمایشـی پشـێوی و بێسـەروبەرییەکانی بەهاری بەنـاو عەرەبیەوە دەمانگەیەنێتـە چـی؟ دنیـا دیتـی بە شـەو و ڕۆژێك چـۆن سیاسـەت بەرامبـەر کوردسـتانی ڕۆژئـاوا قڵپ بـووەوە، ڕۆژانـە کـورد لەباکـوور و لە ڕۆژئـاوا لەئازارو ئەشـکەنجەی دوو زلهێـزی شـەڕکەرن کـە خەمـی میللەتەکەیـان نییـە و هەر لایەنێك بەدوای دەسـتکەوت و ناوبانگـی خۆیەوەیە. لێدوانـی پەرلەمانتارەکان و زۆر لـە ڕۆشـنبیرانی ناو حزبەکان خۆشـکردنی ئاگرێکن کە ئەگەر هاتوو هەڵگیرسـا، وابەئاسـانی کپناکرێتەوە. ئەم دۆخە لە ڕۆژە سـەخت و پـڕ نەهامەتییەکانمانە و کاتی ئـەوە هاتـووە سـەرکردەی وڵات بڕیـاری بوێرانە بدات و بانگهێشـتی سـەرانی حزبە سیاسـییەکان بکات و پێیان بڵێـت چیتر نمایـش بـە مەینەتییەکانەوە مەکـەن، وەرن بـا پێکـەوە چارەیان بـۆ بدۆزینەوە و فرمێسـکی ڕەش و ڕووتەکانـی منداڵێکـی بێنازی شـەهیدی ئـەم نەتەوەیە بسـڕینەوەو ڕێگەچارەسـەری گونجـاو بـۆ قەیرانـەکان بدۆزینـەوە، نـەك ببینە پاڵەوانی سـەر شاشـەی تیڤی-یەکان! پێم سـەیرە کاتێك سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان بانگهێشـتی حزبـەکان دەکات، کەچـی ئـەوان بەچکـە بەنـاو سیاسـەتمەداری وا دەنێـرن، هێشـتا کۆبوونەوەکە تـەواو نەبـووە، لـەدژی رادەوەسـتێتەوە! کاکـە ئەمـە سیاسـەت نییە، ئەمە شـەڕی ساردەو ئەنجامەکەشـی هـەر یـەك لایـەن ناسـووتێنێت، بەڵکـو میللەتێکـی مەزڵـووم دەسـووتێنێت، هەربۆیە پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکەیـن، چونکـە کاریگەری لەسـەر بـەرەکان و سـەنگەرەکانی پێشـەوەی پێشـمەرگەش دەبێـت. هیـچ نەتەوەیـەك نییـە لەشـەڕدا بێت و پیـلان و مەرامی ژێر بـە ژێری حـزب و گـرووپ و تاقمە گومانلێکـراوەکان قبـووڵ بکات .

**ئێمەی گەلی کورد خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و خەباتین و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی مێژوویەکی تاڵی زەرەرمەندین کە بە هۆی لەیەک ترازان و لەیەک تێنەگەیشتن زۆر جار گەیشتۆتە خوێنڕشتن و ماڵوێرانی و زەرەرمەندی یەکەم و کۆتاییش هەر گەلی کورد خۆی بووە**



*** پێش ئەوەی بیر لەتێکشکاندنی داعش بکرێتەوە، پێویستە لە هەمان کاتدا کار لەسەر نەهێشتنی ئەو هۆکارانە بکرێت کە بوونەهۆی سەرهەڵدانی داعش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نابێت هاوشان بە هەڵمەتە سەربازییەکە پرۆسەیەکی سیاسیش بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەگەری دروستبوونی گروپی هاوشێوەی داعش نەیەتەوەئارا؟**

- گومان لەوەدا نییە کە وەڵامی راست و دروستی ئەم پرسیارە بریتییە لە بەڵێ. هەندێ جار بەو شێوەیە وەسفی هەڵسوکەوتی سوپای ئەمەریکی دەکرێت کە شەڕ دەباتەوە، بەڵام ئاشتی دەدۆڕێنێت، ئەوە گومان هەڵنەگرە کە سوپای ئەمەریکا باشترین سوپایە لە جیهاندا، بەڵام کاتێك دەکشێتەوە، ئەوا بارودۆخەکە وەك خۆی بە خراپی دەمێنێتەوە، یان تەنانەت خراپتر دەبێت، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتوانراوە کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکرێن. رەنگە حاڵەتێکی هاوشێوە لەگەڵ داعشیشدا دروست بێت، لەبەر ئەوەی ئاسانە رای گشتی ئەمەریکا وا لێبکەیت کە پشتیوانی لە ئەنجامدانی گورزە ئاسمانییەکان بکات لە دژی تیرۆریستان، وەك داعش، بەڵام کاتێك ئەو گروپە بە رادەیەکی گەورە لاواز دەکرێت، ئەوا دواتر گروپێکی هاوشێوە دروست دەبێتەوە. لە راستیدا گورزوەشاندن لە

### ماكس ئەبراهامز
### پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان بۆ گوڵان:

# دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان لە بەرژەوەندی ئەمەریكا و ئیسرائیلدایە

**ماكس ئەبراهامز، مامۆستای زانستی سیاسییە لە زانكۆی نۆرس ئیستێرن، توێژەر و وانەبێژی تیۆریی پێوەندییە نێودەوڵەتییەكانە، كە بایەخ بە پرسەكانی پەیوەست بە شەڕی ناوخۆیی، یاخیبوون و نارەزایەتی ناتوندوتیژ و تیرۆریزم دەدات. بۆ شرۆڤەكردنی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی داعش و هەڵوەستەكردنی لەسەر دۆخی دوای تێكشكاندنی ئەم رێكخراوە تیرۆریستییە و بەراوردكردنی داعش بە ئەلقاعیدە، هەروەها بۆ راڤەكردنی پرسی سەربەخۆبوونی كوردستان، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا سازكرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

گروپێكی وەك داعش، یان لە رژێمێكی وەك سەددام، پێویستی بە شارەزابوون و ئاشنابوون نییە بە ناوچەكە، بەڵام ئەگەر بتەوێت چارەسەرێكی سیاسی بۆ كێشەكان بدۆزیتەوە، ئەوا پێویستە ئاشنابیت بە سەرجەم ئەو لایەنە جیاوازانەی لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە، هەروەها دەبێت بە مێژوو، كەلتوور و پیشەسازی ناوچەكە ئاشنا بیت، كە مەرج نییە ئەمەریكا ئەو شارەزاییە پێویستەی هەبێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە لە دوای شەڕدا.

*** ئایا پێتوایە هۆكاری سەرەكیی دروستبوونی داعش و گروپە هاوشێوەكانی بریتی بووە لە سیاسەتە تایفەگەرییەكانی عێراق و سووریا و دورەپەرێزخستن و پشتگوێخستنی سوننەكان؟**

- لە راستیدا ئەمە لێكدانەوە باوەكەیە، چونكە زۆرینەی شیكەرەوەكانی بواری سیاسەتی دەرەوە ئاماژە بەوە دەكەن كە رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن و دەسەڵات پێدان بە مالیكی و عەبادی و پشتگوێخستنی سوننەكان بوونەهۆی دروستبوونی ئەو دۆخە. بە تێڕوانینی من ئەم لێكدانەوەیە هەندێ راستیی لەخۆگرتووە، بەڵام من رەخنە لەم شرۆڤەیەش دەگرم، رەخنەكەی منیش لەوەدا بەرجەستە دەبێت، كە وا وێنای داعش دەكات وەك ئەوەیە هەڵبستێت بە

بەرگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی سەرکوتکاری شیعە، کە پێموایە ئەمە لێکدانەوەیەکی زۆر مەترسیدار و چەواشەکارانەیە، چونکە من پێموانییە بە شێوەیەکی سەرەکی داعش گروپێکی بەرگریکار بێت، بەڵکو باوەڕم وایە پتر گروپێکی هێرشبەرە. ڕەنگە لە عێراق، یان لە سووریا –بەهۆی ئایینی سەرۆکی وڵاتەکەوە- بیرۆکەی سەرکوتکاریی شیعە بە لێکدانەوەیەکی دروست وەربگیرێت، بەڵام کاتێك لە دەرەوەی ئەم زۆنی ناکۆکییانەوە لە دۆخەکە دەڕوانیت، ئەوا زەحمەت دەبێت بۆت باوەڕ بەوە بکەیت بزانیت کە چۆن سەرکوتکاریی شیعە دەبێتەهۆی ئەوەی سوننەیەکی رادیکاڵ لە پێناوی دەوڵەتی ئیسلامیدا خۆی بتەقێنێتەوە. واتە ئەم بیرۆکەی سەرکوتکارییەکی شیعە مانایەکی زۆری نییە لە نیۆیۆرك، یان نیوجێرسی یان مێناسۆدا. واتە ئەمە ئەوەمان بۆ لێکناداتەوە بۆچی دەوڵەتی ئیسلامی لە لیبیا، یان لە میسر گەشە دەکات. بە تێڕوانینی من داعش گروپێکی نێودەوڵەتی دڕندەیە و پێویستی بەوە نییە کە سەرکوتکاری شیعە هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی.

*** باس لەوە دەکرێت لە حاڵەتی تێکشکاندنی بە ناو خەلافەتەکەی داعشدا، چەکدارە بیانییەکان هەوڵدەدەن بچنە دەوڵەتە دراوسێکانەوە، بەتایبەتی تورکیا کە نزیکترین وڵاتە بۆ ئەوان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرینەی ئەم چەکدارانە هەڵگری پاسپۆرتی ئەوروپین، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند گەڕانەوەی ئەم چەکدارانە مایەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئەوروپا؟**

- ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە. ئێوە لە یادتانە کە چەند ساڵێك پێش ئێستا کاتێك دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوو، ئەوا زۆرینەی خەڵکی ڕۆژئاوا بە ڕادەیەکی گەورە نیگەران نەبوون لەبارەیەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامییان زیاتر بە گروپێکی مەحەلی وەسف دەکرد کە دەستی کرد بە دروستکردنی خەلافەت لە عێراق و سووریا. من هەر لە سەرەتاوە بە گومان بووم لەوەی داعش گروپێکی مەحەلی بێت، چونکە لەیەکەم ڕۆژەوە مۆرکێکی نێودەوڵەتی هەبوو کە خەڵکی پتر لە ١٠٠ وڵاتی لە خۆدەگرت. لەبەر ئەوە من هەر لە یەکەم ساتەوەختەوە بە گروپێکی نێودەوڵەتیم ناوزەد کرد، نەك تەنیا لە ڕووی پێکهاتەی ئەندامەکانیەوە، بەڵکو لە ڕووی ئامانجەکانیشەوە. تەنانەت کاتێکیش خەلافەتەکە تێکدەشکێت، ئەوا زۆرێك لە چەکدارەکان — کە دەبینن خەونی خەلافەت نایەتەدی- ڕوودەکەنە شوێنێکی دیکە. کەواتە ئێمە لێرەدا لێکدژییەك بەدی دەکەین، لەبەر ئەوەی کاتێك دەوڵەتی ئیسلامی لاواز دەبێت لە سووریا و عێراق، ئەوا لە تێڕوانینی زۆرینەی دەوڵەتانی جیهانەوە لە گەشەکردندایە، لەبەر ئەوەی پتر و پتر بە نامەرکەزی دەبێت، واتە پێوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان لاوازکردنی دەوڵەتی ئیسلامی و بە نامەرکەزیکردنی ئەو دەوڵەتەوە. واتە تاوەکو داعش لاوازتر بێت، ئەوا پانتایی جوگرافیی کردەوەکانی لە جیهاندا بەربڵاوتر دەکات. بەپێی هەندێ ڕاپۆرت نزیکەی ٢٠ هەزار چەکداری داعش لە موسڵدا هەن- هەرچەندە ئێمە ژمارە ڕاستەقینەکە نازانین- بەڵام بەشێك لەم چەکدارانە ڕوودەکەنە شوێن و ناوچەی دیکە، لە ڕووی مێژووییەوە گروپە تیرۆریستییەکان بەم شێوەیە کاریان کردووە، داعشیش لەمە بەدەر نییە. گروپێکی دیکە کە هاوتەریبە پێی بریتییە لە ئەلقاعیدە، کە ئەویش پێشتر گروپێکی تەواو مەرکەزی بوو و بنکەی لە ئەفغانستان بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئەمەریکا — لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە- فشارێکی زۆری لەسەر دروست کرد لەو وڵاتەدا و ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی کوشتن، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٢ سەرکردە باڵاکانی ئەلقاعیدە باسیان لەوە کرد کە چۆن گروپەکە پەیوەست بە نارمەکەزی بکرێت. لەبەر ئەوەی پێیانوابوو ئەگەر ئەلقاعیدە لە ئەفغانستاندا بمێنێت، ئەوا بە تەواوەتی تێکدەشکێندرێت. ئەمە ڕەفتاری گروپە تیرۆریستییەکانە، چونکە کاتێك ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە، دەیانەوێت بەردەوامی بە خۆیان بدەن، ئەوا بە وڵاتانی دیکەدا پەرت و بڵاو دەبنەوە.

*** واتە هێرشەکانی ئەم دواییەی شارەکانی ڕۆژئاوا کە بە هێرشی گورگە تەنیاکان ناسراون، یان ئەو هێرشانەی بە هاندان و ئیلهامی داعش ئەنجام دەدرێن لەم شارانە، وەك بەڵگەی بە نامەرکەزیبوونی –هەروەك ئاماژەتان پێکرد- ئەم گروپە هەژمار دەکرێت؟**

- بەڵێ ئەمە ڕاستە. ئەو خاڵەی دەمەوێت لێرەدا زیادی بکەم، ئەوەیە کە تۆ هەست دەکەیت هیچ بەرەوپێشچوونێکت لەبەرامبەر داعشدا بەدەست نەهێناوە، لەبەر ئەوەی کاتێك ئەم گروپە لاوازتر دەبێت لە عێراق و سووریا، ئەوا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هێرشی زیاتر ئەنجام دەدەن. بەڵام پێموایە ئەمە تێڕوانینێکی زۆر ڕەشبینانەیە، چونکە لە ڕوانگەی منەوە بەرەوپێشچوونی زۆرمان بەدەستهێناوە. ئەگەر داعش لاواز بکرێت، ئەوا توانای بەردەوامبوونی کردەوەکانیشی لەدەست دەدات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. واتە ئاستی توندوتیژی

**ئێمە بە بێ کورد دووچاری دژواری دەبینەوە لە بەدەستهێنانی هاوپەیمانێکی عەمەلی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**پشتیوانی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەکەم، چونکە بە تێروانینی من کورد زۆر سوودمەند دەبێت ئەگەر خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت**

**بەرەی نوسرە- ئەگەرچی ناوەکەی خۆیشی گۆڕیوە-، مەترسیدارترە لە دەوڵەتی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی گرێدراوی ئەلقاعیدەیە و خەڵکێکی زۆریش ئەلقاعیدە لە داعش بە باشتر دەزانن**

**توانای داعش بۆ ڕاکێشانی خەڵک لەسەر ئاستی جیهان بۆ نێو گروپەکەی کەم بۆتەوە، هەروەها هەڵمەتی پڕوپاگەندەشی دابەزیوە و داهاتی داراییشیان لە کورتی داوە**

گروپەکە کەم دەبێتەوە. بەڵگەیەکی دیکە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە توانای داعش بۆ راکێشانی خەڵك لەسەر ئاستی جیهان بۆ نێو گروپەکەی کەم بۆتەوە، هەروەها هەڵمەتی پڕوپاگەندەشی دابەزیوە و داهاتی داراییشیان لە کورتی داوە. ئێمە توانیومانە ژمارەیەکی گرنگی سەرکردەکانیان بکوژین. کەواتە لێرەدا دوو ئاڕاستە هەیە، ئاڕاستەیەکی رەشبین و یەکێکی گەشبین، رەشبینەکە پێی وایە لەگەڵ لاوازبوونی گروپەکەدا، ئەوا توندوتیژی زیاتر ئەنجام دەدات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، گەشبینەکە باوەڕی وایە بە تێپەڕبوونی کات ئاست و مەودای توندوتیژی مومارەسەرکراو لەلایەن داعشەوە کەم دەبێتەوە.

*** ئێوە بەراوردی ئەلقاعیدە و داعشتان کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هاوڕان لەگەڵ ئەوەدا کە داعش هەوڵی ئەوەی داوە جێ بە ئەلقاعیدە لەق بکات و خۆی ببێتە گروپی تیرۆریستیی سەرەکی لە جیهاندا، هەروەها ئایا تێکشکاندنی بە ناو خەلافەتەکەی داعش نابێتەهۆی ئەوەی جارێکی دیکە ئەلقاعیدە پێگەی سەرەکی وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی سەرەکی بەدەست بهێنێتەوە؟**

- لە روانگەی منەوە رێکخراوە تیرۆریستییەکان ئەوە بە کارێکی سوودبەخش دەزانن کە مومارەسەی هەندێ لە دانبەخۆداگرتن بکەن، کێشەی گەورەی داعش ئەوە بوو کە ئەم کارەی نەکرد، هەر لەبەر ئەوە هەموو کەس لە جیهاندا هاوڕایە لەسەر ئەوەی داعش گروپێکە کە دەبێت لە ناوبچێت، بڕوانن ئێستا دوژمنەکانی داعش بریتین لە کورد و ئەمەریکا و هاوپەیمانێتییە جیهانییەکە بە سەرکردایەتی ئەمەریکایەو چەندین وڵات لەخۆدەگرێت، هەروەها رووسیا و رژێمەکەی ئەسەد، واتە ژمارەیەکی زۆری دوژمنی بۆ خۆی دروست کردووە. بەڵام ئەگەر لە قاعیدە بڕوانیت، ئەوا لەبەر ئەوەی توانیویەتی ئەو قەناعەتە لای خەڵکانێکی زۆر لە جیهاندا دروست بکات کە رێکخراوێکی «میانڕەوترە»، ئەوا ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی ئەلقاعیدە رێکخراوێکی مەترسیدارتر بێت، چونکە وڵاتگەلێکی زیاتر ئامادەییان هەیە پشتیوانی دەرەکی ئەم گروپە بکەن، بەتایبەتی دابینکردنی دارایی بۆیان، هەروەها ژمارەیەکی کەمتری وڵاتان ئامادەن هێرش بکەنە سەر ئەم گروپە، لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زیاتری گروپە یاخیگەرییەکان ئامادەن هاوکاری لەگەڵ ئەلقاعیدەدا بکەن، هەر تەنیا لەبەر ئەوەی بە رێکخراوێکی میانڕەوتری دەزانن. ئەگەر لە دۆخی سووریا بڕوانن لەم ساتەوەختەدا، ئەوە بەدی دەکەیت کە بەرەی نوسرە- ئەگەرچی ناوەکەی خۆیشی گۆڕیوە-، مەترسیدارترە لە دەوڵەتی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی گرێدراوی ئەلقاعیدەیە و خەڵکانێکی زۆریش ئەلقاعیدە لە داعش بە باشتر دەزانن، بەتایبەتی کە پێیانوایە هاوئامانجە لەگەڵیاندا لە هەوڵەکانیان بۆ روخاندنی بەشار ئەسەد. کەواتە بەڵێ هاوڕام کە ئەلقاعیدە لە هەڵکشاندایە، لەبەرئەوەی داعش ئەوپەڕی توندڕەوی نواند. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەڵەدا نەچن، من ئەلقاعیدە بە گروپێکی تیرۆریستی دەزانم، نەك هەر تەنیا ئەلقاعیدە، بەڵکو ئەو گروپە یاخیگەرییانەش بە تیرۆریست دەزانم کە هاوکاری لەگەڵدا دەکەن و شان بە شانی ئەلقاعیدە شەڕدەکەن. هەرچەندە چەند وڵاتێك هەن کە هاوڕا نین لەگەڵ بۆچوونەکەی مندا، بۆ نموونە، سعودیە و تورکیا و قەتەر پتر هاوسۆزن بۆ پشتیوانیکردنی ئەلقاعیدە، لەبەر ئەوەی ئەم گروپە تێڕوانینێکی دروست کردووە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان «میانڕەوە».

*** کورد هێزێکی کاریگەرە لە شەڕی دژ بە داعشدا، بەڵام لە ئێستادا کورد نیگەرانە لەوەی لە دوای داعش جارێکی دیکە بکەوێتەوە ژێر حوکمڕانی عێراق و سووریا و کارەساتەکانی رابردووی بەسەردا دووبارە ببێتەوە، لەبەر ئەوە پێیوایە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی باشترین زەمانەتە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، راو بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من پشتیوانی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەکەم، چونکە بە تێڕوانینی من کورد زۆر سوودمەند دەبێت ئەگەر خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، هەروەها باوەڕم وایە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە بەرژەوەندی ئەمەریکاشدا، چونکە ئێمە بە بێ کورد دووچاری دژواری دەبینەوە لە بەدەستهێنانی هاوپەیمانێکی عەمەلی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەوان گروپێکی گەورەن کە لە مەودای دووردا هاوسۆزن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوادا، هەروەها ئێمە و ئەوان چەندین بەها و ئامانجی هاوبەشمان هەیە، کەواتە بەڕاستی کارێکی سوودبەخشە ئەگەر ئەمەریکا هاوکاری ئەم گەلە بکات. لە روانگەیەکی بەرفراوانترەوە باوەڕم وایە کورد شایستەی ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و لە هەمان کاتدا بە بۆچوونی من دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە بەرژەوەندی ئیسرائیلیش دەبێت، ئەو راستییەش دەزانم کە زۆرێك لە جوولەکەکان و ئیسرائیلییەکان مەیلیان بۆ کورد هەیە، لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە من لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدام.

**داعش گروپێکی نێودەوڵەتی دڕندەیە و پێویستی بەوە نییە کە سەرکوتکاری شیعە هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەک بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی**

**گورزوەشاندن لە گروپێکی وەک داعش، یان لە رژێمێکی وەک سەددام، پێویستی بە شارەزابوون و ئاشنابوون نییە بە ناوچەکە، بەڵام ئەگەر بتەوێت چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکان بدۆزیتەوە، ئەوا پێویستە ئاشنابیت بە سەرجەم ئەو لایەنە جیاوازانەی لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە**

**سوپای ئەمەریکا باشترین سوپایە لە جیهاندا، بەڵام کاتێک دەکشێتەوە، ئەوا بارودۆخەکە وەک خۆی بە خراپی دەمێنێتەوە**


# ئاوێتەبوون لەگەڵ بیروبۆچوونی داگیرکاراندا!

دوای جەنگی یەکەمی جیهان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەرەسی هێناو و جارێکی دیکەش نەخشەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی بەرژەوەندییەکانی کۆڵۆنیالیستە براوەکانی جەنگ کێشرایەوە، لەو کاتەوە رژێمە داگیرکارەکانی کوردستان رەواج بۆ بیرۆکەیەك دەکەن کە گوایە ئەستەمە قەوارەیەکی کوردی دابمەزرێت، یان هەر هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەوا لە رۆژانی یەکەمدا هەرەس دەهێنێت، ئەگەر لە کاتژمێرەکانی یەکەمیشدا ئەمە روونەدات، بۆیە ئەستەمە ئیسرائیلێکی دیکە بێتەئاراوەو ...تاد، قەوانی سواوی ئەم هەموو تۆمەتانە تەنیا بۆ رێگەگرتن و ئاستەنگ دانانە لەبەردەم گەلی کوردستان تا بە مافە نیشتمانییەکانی خۆی نەگات و نەتوانێت وەك هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکانی دیکەی ئەم جیهانە بە سەربەستی بژی.

هەڵوێستی رژێمە دیکتاتۆرە داگیرکارەکانی کوردستان و دڕندایەتیی ئەوان لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی گەلی کورد بە درێژایی سەدەیەك زانرا و چاوەڕوانکراویش بوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراوە و مایەی بڕواپێکردن نییە هەڵوێستی هەندێ لایەن و پێکهاتە سیاسییەکان و چەند کەسانێکە کە لەسەر توێژی رۆشنبیرو نیشتمانپەروەر حیسابکراون، ئەوانە هەر تووتی ئاسا ئەو قسەو قسەڵۆکە رەگەزپەرستانە دووبارە دەکەنەوە و لاسایی ئەو مەرامە پڕوپووچانە دەکەنەوە دەربارەی ئەوەی کە ئەستەمە کوردستان ئازادبکرێت و دەوڵەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسیی خۆی دابمەزرێنێت.

> هەڵوێستی رژێمە دیکتاتۆرە داگیرکارەکانی کوردستان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دۆزی گەلی کورد بە درێژایی سەدەیەک زانراو و چاوەڕوانکیش بوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو نییە هەڵوێستی هەندێ لایەن و پێکهاتە سیاسییەکان و چەند کەسانێکە کە لەسەر توێژی رۆشنبیرو نیشتمانپەروەر حیساب کراون

راستە کەلتووری داگیرکار هەر چۆنێك بێت و لە روانگەی خۆبەزلزانینی نەتەوەییەوە هەموو هەوڵێکی بە درێژایی نزیکەی سەد ساڵ بۆ ئەوە بووە کە بوون و ناسنامەی نەتەوەیی کورد بسڕێتەوەو کەلتووری نیشتمانیی کورد بشێوێنێت و لە رەگوڕیشە مێژووییەکەیەوە هەڵیبکێشێت و هەڵمەتی سیستماتیکی شۆردنەوەی مێشك ئەنجام بدات، لەوانەش بێبەشکردنی لە بەکارهێنانی زمانی دایك، لە هەندێ حاڵەتی باشتریشدا گوایە زمانێکی دواکەوتووە و لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم ناگونجێت، بێگومان ئەو هەوڵە ستەمکارە نامرۆییانە کە بەشێکن لە هەزاران هەوڵی نەگریسی دیکە شوێنەواریان لێرەو لەوێ لەسەر عەقڵییەتی هەندێ کەس و شێوازی بیرکردنەوەو شرۆڤەکردنیان بۆ واقیعەکە بەجێهێشتووە، بە جۆرێك کە نازانن چۆن هەمان ئەو پڕوپاگەندەو قسەوقسەڵۆکانەی رەگەزپەرستان و دوژمنانی میللەت دووبارەبکەنەوە کە گوایە ئەستەمە کورد مافی نەتەوەیی خۆی بەدەست بهێنێت، لەمەشدا پاساو و پۆزشی بێ ماناو بێ ناوەڕۆك دەهێننەوە کە راستەوخۆ خزمەتی ئەو بۆچوون و مەرامە چەوت و نەگریسەی دوژمنان دەکەن، هەر بەوەش ناوەستن،



سەربەست بامەڕنی

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەڵکو بە جۆرێك پڕۆپاگەندەکانیان تۆختر دەکەنەوە کە گوایە هەر هەوڵدانێك بۆ ئازادی و دابینکردن و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەوڵێکی نەزۆکە و لە ئەنجامدا دەبێ گەلی کوردستان باجێکی زۆر گەورە بدات و دواتر لەمەشدا مایەپووچ دەبن و هیچ پێشکەوتنێك بەدەست ناهێنن.

ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوەو خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە: ئەو رژێمە داگیرکارانەی کوردستان دەیانەوێت چی لەوە زیاتر بکەن کە بەدرێژایی سەد ساڵی رابردوو بەرامبەر کورد ئەنجامیان دا؟

هەوڵی سڕینەوەی بوونی گەلی کورد بە چەندین شێوەی دڕندانەو قێزەوەن ئەنجامدراوە، تەنانەت گەلی کوردستان و بزووتنەوە نیشتمانییەکەی رووبەڕووی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی بۆتەوەو دەیان شاڵاوی دیارو نادیارو ئەنفال و جینۆسایدی بەرامبەر کرا، سەرەڕای زیندانیکردنی هەزاران رۆڵەی ئەو میللەتە و رشتنی خوێن و لەسێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن، هەر ئەمانەش نا، بەڵکو ئاوارەکردن و راگواستنی زۆرەملێی و گۆڕینی واقیعی دانیشتووان و خاپوورکردنی زیاتر لە هەشت هەزار گوند لە سەرتاسەری کوردستان، کەواتە دەیانەوێت لەمە زیاتر چی بکەن ئەگەر گەلی کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی خۆی راگەیاند لەپێناو رزگاربوون لە دیلیی و کۆت و زنجیری کۆلۆنیالیزمی داگیرکار؟

بەتایبەتیش کە دوژمنانی گەلی کوردستان لەم قۆناغەی مێژووی ناوچەکەدا بە سەختترین هەلومەرج و بارودۆخدا تێپەڕدەبن لە ئەنجامی بەردەوامبوونیان لە ستەمکردن و پشتگیریکردن لە رژێمە سەرکوتکارە دواکەوتووەکان لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوە دیموکراسیخوازەکان لە کۆمەڵگەکانیاندا، هەروەها کەڵەکەبوونی گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی بواری بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا.

بەڵێ ئەو رژێمە دیکتاتۆرییانە هەرگیز ناتوانن لەمە زیاتر پڵنگ ئاسا کەڵپەیان لە جەستەی میللەت گیربکەن، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو کەسانە جارێکی دیکە بەخۆیاندا بچنەوەو ئەو خەیاڵانە لە مێشکی خۆیان دەربکەن، چی دیکە کوێرانە لاسایی مەرامی داگیرکاران نەکەنەوەو ئاوێتەی بیروبۆچوونیان نەبن و پشتیوانییان لێ نەکەن، بە لای کەم ئەو قسەیەی پێش زیاتر لە نیو سەدەی جەواهیر لال نەهرۆی پێشەوای کۆچکردووی هیندستان بێننەوە یادی خۆیان کە دەڵێت: ئەستەمە خەباتی گەلی کوردستان لەپێناو ئازادی دابمرکێنرێتەوە لە کاتێکدا کە ئامادەیە قوربانیی بۆ بدات، دیارە ئەو قوربانییەش هەمیشە لەوە زیاتر نابێت کە تا ئێستا گەلی کورد داویەتی، ئازادییش لە هەموو حاڵەتێکدا شایانی ئەو قوربانیدانەیە، چونکە مرۆڤ تەنیا بە نان ناژی.

**کەلتووری داگیرکار هەر چۆنێک بێت هەموو هەوڵێکی بە درێژایی نزیکەی سەد ساڵ بۆ ئەوە بووە کە بوون و ناسنامەی نەتەوەیی کورد بسڕێتەوەو کەلتووری نیشتمانیی کورد بشێوێنێت و لە رەگوڕیشە مێژووییەکەیەوە هەڵیبکێشێت**



**چارلس گۆردون پرۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتی و کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی «Florida state»، شارەزای بوارەکانی دیراساتی کوردی، دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یاسای نێودەوڵەتییە، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگی وەك پەرەسەندنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی پڕ لە پشێوی و پاشاگەردانیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رێگاکانی چارەسەکردنی کێشە قووڵ و بنەڕەتییەکانی ئەم ناوچەیە و باسکردن لە هەنگاونانی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی کرد.**

## چارلس گۆردون ماکدۆناڵد
### پسپۆڕی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان::

# هەر کاتێک دەوڵەت شکستی هێنا، ئاشتی دەبێتە خەیاڵ و پاشاگەردانی دروست دەبێت

*** ئایا ئەوە شیکردنەوەیەکی دروستی بارودۆخەکەیە ئەگەر بڵێین سەرچاوەی کێشەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێدراوی ئەو سنوورە دەستکردانەن کە بەهۆی رێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە داڕێژران و بوونەهۆی دروستبوونی دەوڵەتی لەرزۆك و شکستخواردوو، بە چەشنێك کە بارودۆخێکیان دروست کرد کە بووە هۆی ئەوەی کێشە و ناکۆکییە تایفەگەری و ئیتنییەکان بەرەو قووڵتربوونەوە بچن و ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە پیرۆزیی ئەم سنوورانە بخرێنە ژێر پرسیارەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە لە رێککەوتنی سایکس پیکۆ و لە رێککەوتنەکانی دیکەش کە لە رۆژگاری کۆلۆنیاڵی لە نێوان هێزە گەورەکاندا کران، ئاوات و ئومێدەکانی گەلانی ئەم ناوچەیەیان لەبەرچاو نەگرت. بەداخەوە لە ئێستادا ئێمە زیاتر لە بەهاکانمان بایەخ بە بەرژەوەندی دەوڵەتە بەهێزەکان دەدەین، هەروەها بەو کار و کردەوە توندانەی کە کە لەلایەن دەوڵەت و کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێن. پیرۆزیی سنوورەکان مەسەلەیەکە کە بە تێپەڕبوونی کات کەڵەکە دەبێت و دروست دەبێت. ئەگەر سنوورەکان بگۆڕن، ئەوا بنەمای یاساییە نێودەوڵەتییەکان و خەون و ئومێدی زۆرێك

لە خەڵکی ناوچەکە دەبنە تاکەڕێگاچارەی لەبار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی ڕەگداکوتاوی ئەو دەوڵەتانەی لە ئارادان. هەر کاتێکیش دەوڵەت شکستی هێناوە و پاشاگەردانی بە دوادا هات، ئەوا هێنانەدی ئاشتی دەبێتە پرۆسەیەکی درێژخایەن.

*** دوای ئەوەی بارودۆخی ناوچەی بەلکان خوێنڕێژی و کۆمەڵکوژیی لێکەوتەوە، ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ دەستێوەردانیان کرد، لە دەرئەنجامی ئەم دەستێوەردانەشدا، سنووری دەوڵەتانی ناوچەکە گۆڕان و دەوڵەتی نوێ دروست بوون، کەواتە ئایا دووبارەکردنەوەی ئەزموونی بەلقان تا چ ڕادەیەك بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودمەند دەبێت؟**

- ئەزموونەکانی بەلکان وانەی سوودبەخش لەخۆدەگرن، بەتایەتی لە پەیوەندی بە ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان. لەبەر ئەوە تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتە بەهێزەکان ئەو دەرفەتانە بەدی نەکەن، کە دەبێت کاریان لەسەر بکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرگەلێکی ئاشتییانە بۆ زۆرێك لە ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەت، یان گروپەکانەوە وەك ئەگەرێك دەمێنێتەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ئامرازێکی سوودبەخش دەمێنێتەوە بۆ هێنانەدی ئاشتی. یاسا نێودەوڵەتییەکان چەندین نموونە دەخەنەڕوو -وەك ئەوەی لە بەلقاندا بینیمان-، کە دەکرێت لە شوێن و ناوچەی دیکەش جێبەجێ بکرێن. هێنانەئارای ئەم گۆڕانکارییە پێویستانەش سەرکردایەتی و دەوڵەتمەداری دەوێت، بەڵام ئایا دەکرێت ئەم سەرکردانە لە کوێوە سەرچاوە بگرن؟

*** ئەوەش ئاشکرایە کە عەرەبستانی سعودیە وەبەرهێنانێکی زۆری کردووە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی وەهابییەتدا، لە هەمان کاتدا ئێرانیش سەرچاوەیەکی زۆری تەرخان کردووە بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی،. لە دەرئەنجامدا جەمسەرگیرییەکی تایفەگەریی قووڵ دروست بووە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم ڕکابەری و ململانێیە ناپێتەهۆی دروستبوونی شەڕێکی بێ کۆتایی لەم ناوچە گرنگەدا؟**

- ئێران و سعودیە، هەردووکیان دوو دەوڵەتی دەستڕۆیشتوون لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە پرسی ئایینەوە. ئەوەش مومکینە کە هەردوو ئەم وڵاتە پێکەوە کاربکەن و ببنە هێزێکی گەورە بۆ هێنانەئارای گۆڕانکارییەکی ئاشتییانە. هەردوو دەوڵەتەکە ڕووبەڕووی تەحەددی گەورە دەبنەوە لەلایەن توندڕەوەکانی ناوچەکەوە. هەردووکیان لە ڕابردوودا بە شێوەیەکی کارا یاسای نێودەوڵەتییان بەکارهێناوە، واتە سعودیە و ئێران دەتوانن لە نێو ئیسلام و یاسای نێودەوڵەتیدا بواری ئەوە بدۆزنەوە کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەرژەوەندییەکانیان بهێننەدی. لە ڕاستیدا زەحمەتە لە دۆخێکدا کە توندڕەوەکان ئاگری ڕق و قین خۆش دەکەن، بتوانیت بەسەر بێ متمانەییدا زاڵ بیت. هەرچۆنێك بێت، لە هەردوو وڵاتدا سەرکردەی باش هەن کە دەتوانن زەمینەی هاوبەش بدۆزنەوە. کارێکی یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر ئەمەریکا و هێزەکانی دیکەی هاندەریان بن لەم ڕووەوە.

*** بەڵام تا ئێستا ئیسرائیل خۆی بەدوورگرتووە لە بارودۆخی پڕ لە پشێویی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا لێکدانەوەیەکی ڕاستە ئەگەر بڵێین ئیسرائیل سوودمەندی سەرەکییە لەم پاشاگەردانییەی لە ناوچەکەدا دروست دەبێت؟**

- ئیسرائیلیش بەچەشنی هەر وڵاتێکی دیکە نیگەرانە لە دروستبوونی پشێوی و ناکۆکی. چونکە ئەم شەڕ و ناکۆکییانە ئەگەرەکانی ئاشتی سنووردار دەکەن. هەروەها جێی داخە کە دوژمنایەتی لە ئاست ئیسرائیلدا بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە بەکار دەهێندرێت. بە چەشنی هەر شوێن و ناوچەیەکی دیکە شەڕ و ناکۆکی کەسە توندڕەوەکان دەهێنێتەپێشەوە لە ئیسرائیل، ئەمەش خزمەت بە بەرەوپێشبردنی ئاشتی ناکات.

*** ئاشکرایە لە کوردستاندا دەوڵەتی ئەمری واقیع هەیە و ئەم هەرێمە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕەسمی دانی پێدانەنراوە، هەروەها ئەم هەرێمە توانیویەتی بەرگەی دژوارییەکان بگرێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەرەکانی دانپێدانانی ڕەسمی بە کوردستاندا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە چۆن دەبینن؟**

بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان- کوردستانی عێراق- هەموو پێداویستییەکانی بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەدی هێناوە. تەنیا پێویستی بە دانپێدانانە. ئومێدەکە ئەوەیە کە دەرفەتەکانی گۆڕانکاری ئاشتییانە بۆ ڕێزگرتن لە خواستەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا بێنەدی. دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرس لە شکستەکانی وەربگرێت کاتێك نەیتوانی لە سەرەوەختی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆدا خواست و خەونەکانی گەلانی ناوچەکە لەبەرچاو بگرێت.

**تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتە بەهێزەکان ئەو دەرفەتانە بەدی نەکەن، کە دەبێت کاریان لەسەر بکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرگەلێکی ئاشتییانە بۆ زۆرێک لە ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەت، یان گروپەکانەوە وەک ئەگەرێک دەمێنێتەوە**

**سعودیە و ئێران دەتوانن لە نێو ئیسلام و یاسای نێودەوڵەتیدا بواری ئەوە بدۆزنەوە کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەرژەوەندییەکانیان بهێننەدی**

**هەرێمی کوردستان هەموو پێداویستییەکانی بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەدی هێناوە. تەنیا پێویستی بە دانپێدانانە. ئومێدەکە ئەوەیە کە دەرفەتەکانی گۆڕانکاری ئاشتییانە بۆ ڕێزگرتن لە خواستەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا بێنەدی**

# گاڵتەجاڕیی لێپرسینەوە لە پەرلەمانیی عێراقدا!!





د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

مافی هەموو پەرلەمانتارێکە کە لێپرسینەوە لە سەرۆك وەزیران یان هەر وەزیرێك بکات دوای وەرگرتنی رەزامەندیی ٢٥ پەرلەمانتار، چونکە ئەمە ئەرکی پەرلەمانتارە بەپێی برگەی حەوت لە ماددەی (٦١)ی دەستووری عێراق، پەرلەمانتار رۆڵی سانسۆر دەبینێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەت یان وەزارەت، لێپرسینەوە بەواتای موحاسەبەکردن، چونکە تۆمەتێکی پەرلەمانی لەخۆدەگرێت نەك دادگایی، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراق لە ماددەکانی ( ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١) چارەسەری ئەم کێشەیەی کردووە.

بێ گومان سەرکەوتووترین رێگە بۆ زانینی ئەدای حکومەت یان هەر وەزارەتێك لێپرسینەوەیە، لە برگە حەوتی – أ- ی ماددەی (٦١)دا هاتووە: هەر پەرلەمانتارێك بۆی هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆك وەزیران یان وەزیرەکان بکات دەربارەی هەر بابەتێك کە لە چوارچێوەی پسپۆڕییاندا بێت و ئەوانیش دەتوانن وەڵامیان بدەنەوە، تەنیاش پرسیارکار مافی بەدواداچوونی وەڵامەکەی هەیە، دواتر دەکرێ پەنا بۆ رێگەی دیکە ببات، ئەویش خستنەڕووی بابەتەکەیە بۆ گفتوگۆکردن، هەر وەك لە برگە حەوتی- ب – ی ماددەی (٦١)دا هاتووە بۆ روونکردنەوەی سیاسەت و ئەدای ئەنجومەنی وەزیران یان هەر وەزارەتێك، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش چارەسەری ئەو ماددە دەستوورییانەی لە ماددە( ٥٠) تا (٥٥) دا کردووە.

لە بڕیاری ژمارە ٣٥ / ٢٠١٢ ی دادگای باڵای فیدراڵی لە ٢٠١٢/٥/٢ و (٢٨) لە ٢٠١٤/٥/٣٠دا هاتووە کە لەبەر مەترسیی شێوازی لێپرسینەوە لە شێوازەکان و سانسۆری دەسەڵاتی یاسادانان بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، بۆیە پێویستە ئەو لێپرسینەوەیە هەموو مەرجەکانی نێو دەستووری تێدابێت لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە پێچەوانەوە دەبێتە پرسیارو روونکردنەوە.

دوو نموونەمان لەبەردەستدایە سەبارەت بە راستیی ئەو لێپرسینەوانە لە پەرلەمانی عێراقدا، یەکەمیان دەربارەی وەزیری بەرگریی عێراقی کە سەر بە



فراكسیۆنی ( موتەحیدون)ە بە سەرۆكایەتیی ئوسامە نوجەیفی، كە بووە قوربانیی ڕێكەوتنی سیاسیی نێوان سەلیم جبوری و تاقمەكەی و نێوان لایەنگرانی وەزیری بەرگری لە نەیارانی سەلیم جبووری، نموونەی دووەمیش هۆشیار زێباری وەزیری دارایی بوو.

كاتێ دكتۆر حەیدەر عەبادی بوو بە سەرۆك وەزیران، ئەو كاتە گوتم: گەورەترین كێشە كە ڕووبەڕووی دەبێتەوە تەحەددییەكانی نوری مالیكییە، چونكە زۆر زەحمەتە كە ئەو پیاوە ئەم دۆخە تازەیە قبوڵ بكات، بەتایبەتیش كە سەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەست هێنا لەگەڵ بڕوای تەواوم كە دەستی ساختەكاریش لە سەندووقەكانی دەنگداندا لە بەرژەوەندیی ئەوو پاڵێوراوانیدا هەبوو، بۆیە مالیكی بە پشتیوانیی بەهێزی ئێران دەستی كرد بە پڕۆژە تایفەگەرییەكی خۆی، مالیكی قەناعەتی وا بوو كە ئەستەمە بگەڕێتەوە دەسەڵات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی وەك جێگری سەرۆكی كۆمار لە كارەكەی لادرا، بۆیە لە ڕێگەی هەندێ پەرلەمانتارەوە لە فراكسیۆنی دەوڵەتی یاسا كەوتە لێدانی حكومەت، هەروەها هەموو ئەو كەسانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم تەماعكاریی سیاسیی خۆیدا، دیارە كە سەلیم جبوری سەرۆكی پەرلەمانی عێراق كە سەر بە حزبی ئیسلامییە پیاوێكی لاوازە لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵام شارەزایی هەیە لە چۆنێتیی پارێزگاریكردن لە پۆستەكەی، لە سەرەتادا جبوری هەستی كرد كە مالیكی كۆتایی هاتووە،

بۆیە ڕووی لە حەیدەر عەبادی کرد تا هاوپەیمانیی لەگەڵدا بکات و بە هەموو هێزێك پشتگیریی بکات، بەڵام لە کۆتاییدا دەرکی بەوە کرد دوای ئەوەی کورسییەکەی لەق بوو، کە مالیکی تا ئێستاش هەر بەهێزە و خاوەن سامان و لایەنگرە بۆ کاراکردنی پڕۆژە تایفەگەرییەکەی، لێرەوە بەرەی چاکسازی لە پەرلەمانی عێراق پەیدابوو، زۆربەی ئەندامانیشی لە دەوڵەتی یاسایە و لەسەروویانەوە پەرلەمانتار هەیسەم جبوریی نازدارەکەی مالیکی، کە شەوو ڕۆژ کاری دەکرد بۆ لێپرسینەوە لە هۆشیار زێباری، چونکە یەکێکە لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامانجەکە سیاسی بوو نەك ئامانجێکی پیشەیی، دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەش کاتێ جبوری زانی کە پۆستەکەی سەرەولێژە، لە پشتیوانیکردن لە عەبادی پاشگەز بووەوە و دەستی کرد بە هەڵمەتێکی توند لەدژی حکومەت، لە ئەنجامدا خۆپیشاندان سەری هەڵداو ئاراستەکەی بەرەو پەرلەمان بوو، نابێ ململانێی توندی سیاسیس لە نێوان مالیکی و موقتەدا سەدر لەبیربکەین، دواتر ململانێی نێوان هەردووکیان دوای هەوڵی بەردەوامی ئێران تا ڕادەیەك هێوربووەوە، بەڵام ئەمجارە چاوسوورکردنەوە بوو لە موقتەدا سەدر.

سەلیم جبوری دەرکی بەوە کرد کە گەڕانەوەی ئەستەمە، بۆیە سەردانی نوری مالیکی کردو بەڵێنی پێدا کە پشتیوانی لە پڕۆژەکەی بکات بە مەرجێ تاکو کۆتایی خولەکە هەر بە سەرۆك پەرلەمان بمێنێتەوە، کار گەیشتە ئەوەی کە ئەسیل نجێفیش بە فەرمانی مالیکی لە کارەکەی لاببرێت، وەك تۆڵەیەك لە ئوسامە نجێفی سەرۆکی فراکسیۆنی موتەحیدون، هەروەها خالد عوبێدی وەزیری بەرگری لە فراکسیۆنەکەی نجێفی لادرا، بەم شێوەیە جبوری ڕازی بوو کە لێپرسینەوە لە هۆشیار زێباری وەزیری دارایی بکرێت، کاتێ داوامان لێی کرد کە ئەم بابەتە دوابخات هەرچەندە بەڵێنی پێدایـن، بەڵام نەیبردەسەر، لەگەڵ ئەوەی کە زێباری هەر سوور بوو کە ئامادەبێت تا هەڵوێستی لاواز نەبێت، لێپرسینەوەکە بە شێوەیەکی ئاسایی و شارستانی بەڕێوەچوو، زێباری زۆر سەرکەوتوو بوو، لێپرسینەوەکە کۆتایی هات، دوای حەوت ڕۆژ هەیسەم جبوری کە لێپرسینەوەکەی بەڕێوەدەبرد داوای دەنگدانی کرد، ئێمە داوامان لە سەلیم جبوری کرد کە دوایبخات، تا پەرلەمانتاران بیر لە وەڵامەکانی هۆشیار زێباری بکەنەوە، بەڵام جبوری لە ترسی هەڕەشەکانی بەرەی چاکسازی بابەتەکەی خستە گۆڕەپان و قەناعەتی پەرلەمانتارانەوە، بۆ جاری دووەم جبوری خاوەنی بەڵێنی خۆی نەبوو، دواتر مشتومڕ لەنێوان پەرلەمانتارانی ئێمەو پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا درووستبوو، ئێمەش لە هۆڵەکە هاتینە دەرەوە، سەلیم جبوری دانیشتنەکەی دواخست، بەڵام دواتر دەستی پێکردەوە بۆ فشار خستنە سەر پەرلەمانتاران تا زێباری لابەرن، ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمان ڕوونمان کردەوە کە ئەم دانیشتنەی ٢٠١٦/٨/٢٧ نەدەستوورییە و نە یاساییشە، زێباری تانەی لە دانیشتنەکە دا، ئێمەش ١٠٢ دەنگمان کۆکردەوە بۆ جارێکی دیکە دەنگدان لەسەر ئەم مژارە، دوای جەژنی قوربان و لە ڕۆژی ٢٠١٦/٩/٢١ دانیشتەکە ئەنجامدرا و مژاری زێباری لە بەرنامەی دانیشتەکەدا بوو، بەڵام بۆ جاری سێیەم سەلیم جبوری بەڵێنەکەی خۆی نەبردەسەر، بەڵکو هاتەپاڵ مالیکی لەپێناو لابردنی وەزیری دارایی، ئەوە بوو ١٥٨ پەرلەمانتار دەنگیان بە لابردنی دا ٧٧ پەرلەمانتاریش بە مانەوەی و ١٤ پەرلەمانتاریش بە بێ دەنگدان، ئەوەی کە مایەی داخە هەڵوێستی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە، ئەوەش مانای وایە هیچ هاوپەیمانییەکی کوردستانی بوونی نییە، گوتاری سیاسیی کوردی لە پەرلەمانی عێراق نییە، ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمان زۆر تەنازولمان پێشکەشکرد لەوانە پێدانی پۆست بە لایەنە کوردییەکان لە پێناو یەکخستەوەی نێو ماڵی کورد، بەڵام ئەوانە ڕەچاوی ئەو ڕێکەوتنە سیاسییانەیان نەکرد، بۆ نموونە کاتێ ئارام شێخ محەمەدی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن بەرەی چاکسازییەوە هەڕەشەی لابردنی لێکرا، ئێمە لەگەڵیدا وەستاین، بەرەیەکی بەهێزمان بەرامبەر ئەو کەسانە کردەوە کە دژی دەوەستان، بەڵام کە بابەتەکە هاتە سەر هۆشیار زێباری، هەڵوێستیان نابەرپرسیارانەو شەرمەزاریانە بوو، پەرلەمانتارانی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و زۆربەی پەرلەمانتارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنگیان بۆ لابردنی دا، گلەیی لە کۆمەڵ و گۆڕان ناکرێ کە ڕق و دوژمنایەتییان بەرامبەر پارتی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی نائومێدانە بوو تەنیا یەك پەرلەمانتاری ئافرەتیان نەبێت لە دهۆك کە دەنگی نەدا، بەڵام گورزە گەورەکە لە پەرلەمانتارانی یەکێتییەوە بوو، کە پێشتر پێیان گوتین سەرکردایەتیی ئەوان دووپاتی کردۆتەوە کە دەنگ بۆ مانەوەی زێباری بدەن، بەڵام لەکاتی دەنگداندا زۆربەی پەرلەمانتارەکانیان بە بڕیارەکەی حزبەکەیانەوە پابەند نەبوون، جگە لە هەندێ پەرلەمانتارانی (ناوەندی بڕیار) کە هەڵوێستێکی نیشتمانیی ڕوونیان هەبوو،

**پەرلەمانتار ڕۆڵی سانسۆر دەبینێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەت یان وەزارەت، لێپرسینەوە بەواتای موحاسەبەکردن، چونکە تۆمەتێکی پەرلەمانی لەخۆدەگرێت نەک دادگایی**

**کاتێ ئارام شێخ محەمەدی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن بەرەی چاکسازییەوە هەڕەشەی لابردنی لێکرا، ئێمە لەگەڵیدا وەستاین، بەڵام کە بابەتەکە هاتە سەر هۆشیار زێباری، هەڵوێستیان نابەرپرسیارانەو شەرمەزاریانە بوو**

**لابردنی هۆشیار زێباری دوا بازنە بوو لەنێوان بەغداو هەولێر، پارتی بەم جۆرە شێوازانە لاوازنابێت، بەڵکو ئێمە لە دیدی هەمووان بەهێزتر دەبین، زێباری وێنەیەکی گەشی دیبلۆماسیی عێراقی لە نێو دەوڵەتاندا پیشان دا، لابردنیشیی سیاسیی بوو نەک پیشەیی و یاسایی و دەستووری**

ئەمەش وای لێکردم کە بە توندی وەڵامی پەرلەمانتار ئاڵا تاڵەبانی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی بدەمەوە لە کەناڵی ئەلشەرقیە، ئەو پەرلەمانتارە قسەی بێسەروبەر دەکات وهەڕەشە دەکات، کێشەی ئەو ئەوەیە کە لەسەر هەڵوێستەکانی جێگیر نییە، کاتێ هاتە لامان رای وابوو کە لەگەڵماندایەو هۆشیار زێباری هێڵی سوورە، بەڵام دواتر لەگەڵ پەرلەمانتارە عەرەبەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لاببرێت تەنانەت بە دەنگدان نەوەستا، بەڵکو لە کاغەزەکە نوسیبووی (بەڵێ) بۆ لابردنی زێباری و کاغەزەکەی بە زەردەخەنەوە لەبەردەم پەرلەمانتاراندا بە ئاشکرا خستەڕوو، ئەوە بوو کە پەرلەمانتارانی بەرەی چاکسازی دەستخۆشییان لێکرد، من کۆمێنتەکە بۆ خوێنەری بەڕێز جێدێڵم، بۆیە دەڵێم ئەمە پیلانێك بوو مالیکی سەرکردایەتیی کرد و فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆمارلە ئاستیدا بێ دەنگ بوو، ئارام شێخ محەمەدیش چەپڵەی بۆ لێدا بە مەبەستی رووخانی عەبادی، سەلیم جبووریش لە پۆستەکەی مایەوە، ئێرانیش سەرپەرشتی ئەم سیناریۆیەی کرد بۆ لێدانی پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام با لایان ئاشکرا بێت کە لابردنی هۆشیار زێباری دوا بازنە بوو لەنێوان بەغداو هەولێر، ئەو گورزەی نەتکوژێت بەهێزت دەکات، پارتی بەم جۆرە شێوازانە لاوازنابێت، بەڵکو ئێمە لە دیدی هەمووان بەهێزتر دەبین، زێباری کە خزمەتی عێراقی کرد و وێنەیەکی گەشی دیبلۆماسیی عێراقی لە نێو دەوڵەتاندا پیشان دا، بەم شێوە ناشارستانییە لادەبرێت، دەبوایە لەنێو حکومەتی عێراق بەرزتر بوایە، لابردنی زێباری سیاسیی بوو نەك پیشەیی و یاسایی و دەستووری، هەرچەندە وەزیری دارایی لە دادگای فیدراڵی تانەی لە بڕیارەکە داوە بە ناڕەوایی دانیشتنەکەی ٢٠١٦/٨/٢٧، بەڵام پێموایە کە دادگای فیدراڵی لە بەرژەوەندیی زێباری بڕیارنادات، هەرچەندە دەنگدان لە پەرلەمانی عێراق نهێنییە، بەڵام ئەوە داهێنراوێکی نوێیە و دەستووری عێراقی ئاماژەی پێ نەکردووەو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیشدا نەهاتووە، بەڵام پەرلەمان خۆی سەروەرە، دادگای فیدراڵیش سەربەخۆ نییە، بەتایبەتیش سەرۆکەکەی مەدحەت ئەلمەحمود کە لە مالیکییەوە نزیکە، لە کۆتایی ئەم وتارەدا بۆ مێژوو ئاماژە بە هەندێ پرسی گرنگ دەدەم:

١- ئێمە لە فراکسیۆنەکەماندا نەمانتوانی پەیوەندیی باش لەگەڵ کوتلە پەرلەمانی و سیاسییەکاندا درووست بکەین، هەر چەندە سەرکردایەتیی بەردەوام جەختی لەسەر ئەمە دەکردەوە کە پێویستە گرنگیی بە پەیوەندییەکان بدەین.

٢- هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەمان لاواز بوو، هەر یەك لە پەرلەمنتاران گرنگیی بە خۆی دەدا تا ببێتە پاڵەوانی سەر شاشە بەتایبەتیش لە کەناڵە کوردییەکان و گوێی بە کەناڵە عەرەبییەکان نەدەدا.

٣- هەندێ لە پەرلەمانتارانی ئێمە پەنایان بۆ شێوازی ناشارستانیی دەبرد لەگەڵ کەسانی دیکەدا، تاکو لە شەقامی کوردی وەك پاڵەوان دەربکەون، ئەوانە نەیاندەزانی کە ئەم شێوازە زیان بە حزب دەگەیەنێت هەروەك لە دانیشتنی ٢٠١٦/٨/٢٧ روویدا.

٤- پەرلەمانتاران گلەیی ئەوەیان هەبوو کە زێباری گرنکیی بە داخوازییەکانیان نادات و پێشوازییان لێ ناکات و وەڵامی پەیوەندییەکانیان ناداتەوە، هەرچەندە ئەمە موبالەغەیەکی روونە، بەڵام رەنگە ئەمانە پاساو بن بۆ پاکانەکردن لە هەڵوێست دژ بە زێباری.

٥- هەڵوێستی نائومێدانەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، هەموویان رێککەوتن جگە لە هەندێ پەرلەمانتار و بەتایبەتیش لە یەکێتی کە متمانەی لێ بسەنرێتەوە، بۆیە بە قەناعەتی من، ئەمە دەچێتە خانەی خیانەتی نیشتمانییەوە و بە درێژایی مێژوو وەك پەڵەیەکی رەش هەمیشە بە ناوچەوانی ئەو پەرلەمانتارانەوە دەمێنێتەوە، بۆ یەکەم جاریشە دوای رووخانی سەدام، پەرلەمانتارانی خۆمان خیانەت لە میللەتەکەیان بکەن، هەرچەندە پارتی قوربانییەکی زۆری داوە لەپێناو یەکخستنی رێزی نیشتمانی.

٦- لاپەڕەکەی هۆشیار زێباری کۆتایی هات، بەڵام لاپەڕەی تازە لەگەڵ بەغدادا دەکەینەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی دژی زێباری دەنگیان دا، بەتایبەتیش لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد، ئێمە داکۆکی لە زێباری ناکەین، کەسی بە توانامان زۆرەو ئامادەیە بێنە گۆڕەپانەکەوە، بەڵام ئێمە داکۆکی لە مافی کورد و نێومالی کورد و رێکەوتننامە سیاسییەکان دەکەین.

٧- پێموایە کە ئەم لابردنە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی داهاتوودا هەڵوێستێکی روون بگرینەبەر، بەتایبەتیش پەیوەست بە سەربەخۆیی کوردستان، چونکە مەبەستی ئەم لابردنە مانای وایە بڕۆنەوە کوردستان و شوێنتان لێرە (لە بەغدا) نەماوە و بەغداش شوێنی ئەوانەیە کە بڕوایان بە یەکێتیی عێراقە و ئەوەی بڕوایشی پێی نییە لێرە جێی نابێتەوە.

---

* پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

**ئەم لابردنە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی داهاتوودا هەڵوێستێکی روون بگرینەبەر، بەتایبەتیش پەیوەست بە سەربەخۆیی کوردستان، چونکە مەبەستی ئەم لابردنە مانای وایە بڕۆنەوە کوردستان و شوێنتان لێرە (لە بەغدا) نەماوە**

**بەرەی چاکسازی لە پەرلەمانی عێراق پەیدابوو، زۆربەی ئەندامانیشی لە دەوڵەتی یاسایە و لەسەروویانەوە پەرلەمانتار هەیسەم جبوریی نازدارەکەی مالیکی، کە شەوو رۆژ کاری دەکرد بۆ لێپرسینەوە لە هۆشیار زێباری، چونکە یەکێکە لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**کاتێ دکتۆر حەیدەر عەبادی بوو بە سەرۆک وەزیران، ئەو کاتە گوتم: گەورەترین کێشە کە رووبەڕووی دەبێتەوە تەحەدییەکانی نوری مالیکییە، چونکە زۆر زەحمەتە کە ئەو پیاوە ئەم دۆخە تازەیە قبوڵ بکات، بەتایبەتیش کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا**

# ئیسلام و موسڵمان



عەبدولحوسێن شەعبان*
تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

ناکرێ هەر یەك لە ئێمە بێت و بەدەر لە خودی موسڵمانان باس لە ئیسلام بکات، یان باسی بوون و چالاکیی سیاسی و تێگەیشتنی موسڵمانان نەکات لەهەمبەر ئایین، یاخود بەرامبەر کەسانی دیکە، جا ئەوانە دیندار بن، یان نا، چونکە ئەم بابەتە پەیوەستە بە هەندێ هاوبەشبوونی مرۆییەوە کە هەموو ئادەمیزاد بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. ئەم باسە سەردەکێشێت بۆ هەندێ هەڵسوکەوتی توندوتیژی و چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی کە بە شێوەیەکی مەترسیدارو ترسناك لە وڵاتانی عەرەبی بڵاوبۆتەوە، نموونەی ئەمانەش ئەو کردەوانەن کە رێکخراوەکانی ئەلقاعیدەو داعش و بەرەی نوسرە ئەنجامیان داوە، ئەمە وێڕای هەندێ ئاراستەی دەمارگرژیی و پەڕگیریی کە بە ناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدرێت.

کەم کەس لە ئیسلامییەکان دێن و قسەیەکت بەسەردا دەسەپێنن بە پاساوی پابەندبوونی گەیشتن بە کاروانی شارستانی و پێشکەوتنی مرۆیی، لەکاتێکدا زۆرینەیان، بەتایبەتیش نوخبەی ئایینی لەنێو گۆماوی تایفەگەری و ریزبەندیی ئایینزاییدا نقوم بوونە بەدەر لە بازنەی نیشتمان و نیشتمانپەروەریدا، جارێك بە پاساوی ستەملێکراوی یان بە پاساوی زۆرینە، جاری واش هەیە بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان لە کەسانی دیکە باشترن، چ بە شانازیکردن بە کەمایەتی یان زۆرینەوە، یاخود بەوەی کە گەرەکیانە بگەڕێنەوە بۆ نەژاد و رابردووی خۆیان.

تا ئێستا عەقڵییەتی شوراو خەندەق باڵی بەسەر مێشکی زۆربەی ئیسلامییەکاندا کێشاوە، ئەمە درێژکراوەی کەلتووری شەڕی سارده بە شێوە قێزەوەنەکەی، ئەویش لەمیانی ئەوەی کام شت حەڵاڵەو کامە حەرام، کامە پیرۆزەو کامەش گڵاو، بنەمای ئەم کارەش تەنیا جیاکردنەوەی هاووڵاتییەکە لە یەکێکی دیکە، بەپێی ئایین، یان ئایینزا، یان تایفەگەری، یان ئیتن، یان زمان، یان رەگەز، یان نەژادی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەگەر ئەو دیدو تێڕوانین و رەفتارە نەگۆڕدرێت دەربارەی ناسنامەو سیماو تایبەتمەندییەکانی خەڵك، ئەوا کۆمەڵگەکانمان ناتوانن هیچ پێشکەوتنێك بەدی بێنن لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوون و شەراکەت و بەشداریکردن، کە بە بەهاکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری زیاتر بەهێزدەبن، ئەمەش بە سەروەریی یاساو دامەزراوەو دادگای سەربەخۆو شەفافییەت دێتەکایەوە.

ئەگەر یەکسانی لە کەرامەتی مرۆڤایەتی یەکێك بێت لە بەهاکانی ئیسلام، بەڵام پێویست ناکات ببێتە رەفتارێکی رۆژانەو مۆراڵ بۆ هەموو موسڵمانان، بە تایبەتیش کە بەشێکی زۆر هەست بە خۆویستی و خۆبەئازادزانین دەزانێت بە پاساوی (زۆرینە)، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە هەست بە جوداکاری و نایەکسانیی دەکات، ئەگەر هەست بە چەوسانەوەش نەکات، نەخاسمە شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکەی وەك کریستیان و ئێزیدی و سابئەی مەندائی.

ئەم هەستکردنە بە خۆبەزلزانین و ئیدیعاکردن بە قۆرخکردنی راستی دەچێتە نێو یەك ئایینەوە کە بەسەر چەند تایفەیەکدا دابەش دەبێت، لەوێدا ئیجتهادەکان دەبنە ململانێی ئایینزایی، بۆیە لەوەتەی ساڵی ١٩٧٩ کە شۆڕشی ئێران بەرپابووە دەبینین کە ململانێیەکی تایفەگەری هاتۆتە ئاراوە لەنێوان سوننە و شیعە لە زۆربەی وڵاتاندا کە سووتەمەنییەکەی هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە.

ئەگەر بڕوامان بە گوتەکەی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (رەزای خوای لەسەر بێت) هەبێت:

«نابێت خەڵك بە کۆیلە بگرن، چونکە ئەوان بە ئازادی لەدایکبوون.» هەر ئەمەشە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا دوای ١٤٠٠ ساڵ هاتووە، کە بەدەق دەڵێت: «هەموو خەڵك بە ئازادی لەدایك دەبن و لە کەرامەت و مافەکانیشدا یەکسانن.» بۆیە پێویستە ڕێز لە بژاردەی خەڵکی ئازاد بگرین، کە دەتوانن ڕێنوێنی یان گومرایی هەڵبژێرن، هەروەك مەتران جۆرج خزر دەڵێت: بەبێ گوێدانە ئایینزاکانیان ئەو خەڵکە چ ڕاست بێت یان چەپ، ئەوان ئازادن لە هەڵبژاردنەکانیان و گوزارشتکردن لە مافەکانیان بێ هیچ ترس و دڵەڕاوکێ یان دادگای پشکنینی ویژدان و دڵ و عەقڵ.

لەم سۆنگەیەوە سەیری مەینەتیی و ئەو کێشە ڕاستەقینانەی کریستیانەکان بکەین کە لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتدا دووچاری بوونە، دەبینین کە لە بنەڕەتدا هەمووی لە ئەنجامی تێگەیشتنی هەڵەیە، یەکەم بۆ مانای یەکسانیی یاسایی، دووەم بۆ پرەنسیپی شەراکەت و بەشداریی ڕاستەقینە، سێیەم بۆ ڕێزگرتنی تایبەتمەندیی و ناسنامە، چوارەم بۆ هاووڵاتیبوون و بەها بنەڕەتییەکانی لە ئازادی و دادپەروەریدا.

کریستیانەکان ڕووبەڕووی هەڵمەتگەلێکی کوشتن و ڕاگواستن و ئاوارەکردن بوونەتەوە، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە ڕێژەکەی زۆر زیاتر بووە، بە جۆرێ کە لە مێژووی کۆن و نوێی وڵاتانی عەرەب ئەمە ڕووی نەداوە، لە عێراقیش ئەم ستەمە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣وە هاتەئاراوە، هەڵمەتی کوشتن و ڕاونانی کریستیانەکان و سووتاندن و تەقاندنەوەی دێرو کلێساو گردبوونەوەکان دەستی پێکرد، لە سووریاش کریستیانەکان لەوەتەی ساڵی ٢٠١١وە بە پاساوی جۆراوجۆر بەئامانجکراون و بەشێکی زۆریان ناچارکران وڵات بەجێ بێڵن، پێشتریش لە فەڵەستین کە کریستیانەکانیان لێ ڕاگوێزرا، ئەوان بەر لە داگیرکاریی ئیسرائیل و درووستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ژمارەیان ٢٠٪ لە ژمارەی دانیشتوان زیاتر بوو، بەڵام دواتر بۆ ١٥٪ کەم بووەوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری قودسیش بە تەنیا ٥٠ هەزار کریستیانی تێدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەیان تەنیا ٥ هەزار کەسە، ئەمە لە لوبنانیش ڕوویداوە کە لەمیانی شەڕی ناوخۆ ٧٠٠ هەزار کریستیان کۆچیان کردووە، لە میسر و سوودانیش فشارێکی زۆر خراوەتە سەر کریستیانەکان کە هەمیشە هەست بە جوداکاری و نایەکسانی دەکەن.

کریستیانەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیان لە ڕۆژهەڵات هەرگیز توندوتیژییان پیادەنەکردووە، کریستیانی ڕۆژهەڵات هەردەم ئاشتیخوازبووە لە پەیوەندی لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا، تەنانەت بەرهەڵستیی سەپاندنی دەسەڵاتیشیان کردووە لەلایەن ڕۆژئاواوە لەو شەڕانەی کە بەناوی (شەڕی خاچپەرستان)ەوە دژی ڕۆژهەڵات بەرپاکران بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە بە موسڵمان و کریستیانەوە.

کریستیانەکان زووتر لە کەسانی دیکە درکیان بە مەترسیی زایۆنیزمەکان کرد، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەند کتێبێکیان دژی زایۆنیزم دەرکرد، ئەوان لە چەمکی شارستانیی کەلتووریی عەرەبیدا داهێنەر بوون، بەشدارییان لە بزاڤی ڕۆشنگەری و زیندووکردنەوەی شارستانیدا هەبوو، ئەمە وێڕای کارکردن و هەوڵدانی بەردەوام بۆ پاراستنی زمانی عەرەبی، بۆیە ئەگەر موسڵمانان هەندێ دروشم پیادە بکەن، ئەوا کریستیانەکانیش دروشمی خۆیان هەیە، کە بۆیان ماوەتەوە و بەشێکە لە سرووتی مێژووییان، هەر ئەمەشە کە ڕێزی خۆی دەسەپێنێت و لەڕووی یاساییشەوە پارێزگاری لێدەکرێت وەك مافێکی هەر موسڵمانێك یان کریستیانێك، هەر وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (فمن شاء فليؤمن، ومن شاء فليكفر)؛ (سورەتی ئەلکەهف، ئایەتی ٢٩).

مرۆڤ هەمیشە لەنێوان گومان و یەقیندایە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وا پێویست دەکات کە ڕێز لە بەرامبەر بگرێت لەسەر بنەمای گوتەی ئیمام شافیعی (ڕەنگە ڕای ڕاستی من هەڵە بێت و ڕای هەڵەی بەرامبەریش ڕاست بێت)، هەموومان شتی پیرۆزمان هەیە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت، لەوانەیشە ئەوەی لای ئێمە پیرۆز بێت لای کەسانی دیکە پیرۆز نەبێت و پێچەوانەکەیشی ڕاستە، بۆیە ڕێزگرتن لە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی بیرکردنەوەو ویژدان کارێکی پێویستە، حەقی وایە لە وتەیەکی شێخ محەمەد عەبدە وردبینەوە کاتێ دەڵێت: «چوومە ڕۆژئاوا ئیسلامم دیت و موسڵمانانم نەدی، کە گەڕامەوە ڕۆژهەڵات موسڵمانانم دیت و ئیسلامم نەدی.» مەبەستی ئەو لەم قسەیەدا بوونی ئازادییەکان و هاووڵاتیبوون و ڕێزگرتنی تایبەتمەندی و ناسنامەی تایبەتە.

***ئەکادیمیست و بیرمەندی عەرەبی**

**تا ئێستا عەقڵییەتی شوراو خەندەق باڵی بەسەر مێشکی زۆربەی ئیسلامییەکاندا کێشاوە، ئەمە درێژکراوەی کەلتووری شەڕی سارده بە شێوه فێزەونەکەی، ئەویش لەمیانی ئەوەی کام شت حەڵاڵەو کامە حەرام، کامە پیرۆزەو کامەش گڵاو**

**کریستیانەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیان لە ڕۆژهەڵات هەرگیز توندوتیژییان پیادەنەکردووە، کریستیانی ڕۆژهەڵات لە پەیوەندی لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا هەردەم ئاشتیخواز بووە**

**ئەگەر موسڵمانان هەندێ دروشم پیادە بکەن، ئەوا کریستیانەکانیش دروشمی خۆیان هەیە، کە بۆیان ماوەتەوە و بەشێکە لە سرووتی مێژووییان، هەر ئەمەشە کە ڕێزی خۆی دەسەپێنێت و لە ڕووی یاساییشەوە پارێزگاری لێدەکرێت**

## جۆشوا لاندیز پسپۆڕی کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ئایا شیعە و سوننە دەتوانن متمانە بە یەک بکەنەوە؟

**جۆشوا لاندیز پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی سوورییە، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کۆمەڵگە و کەلتوور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناکۆکیی عەرەب-ئیسرائیل، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ ڕاڤەکردنی ئەو هەوڵ و هەڵمەتە نێودەوڵەتییە دژ بە داعش لەئارادایە و بۆ تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی دوای داعش و هەڕەشە و مەترسیی ئەم گروپە لەسەر ئەوروپا لە دوای تێکشکاندنی، گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.**

*** هەروەك ئاشکرایە دوای ئەوەی مەترسیی داعش لە عێراق و سووریادا بەرەو هەڵکشان چوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بوو هەوڵەکانی چڕبکاتەوە و هاوپەیمانێتییەك پێکبهێنێت بۆ تێکشکاندن و بەرگرتن بەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە مەترسیدارە، بەڵام ئایا هاوڕاین لەگەڵ ئەوەدا کە کێشەی داعش لە بنەڕەتدا ئەو هەل و مەرجە لەبارە بوو کە یارمەتیدەر بوون بۆ سەرهەڵدان و هەڵکشانی، کە ئێستاش پێویستە لەپاڵ هەڵمەتە سەربازییەکەدا چارەسەرکردنی ئەو دۆخەش لەبەرچاو بگیرێت؟**

- ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەتان ئەوەیە کە پێویستە ئەمەریکا تەنیا هێرش و بۆردومان نەکات، بەڵکو ئەرکی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە ئەستۆ بگرێت بۆ ئەوەی دۆخێکی باشتر بخولقێنێت، ئەوا وەڵامەکە بە دڵنیاییەوە بەڵێیە، ئەمە مەسەلەیەکی سەرەکییە، چونکە یەکەم وانەیە لە بەرەنگاربوونەوەی یاخیگەری فێری دەبن، لە ئێستاشدا لە بەگژداچوونەوەی داعش، بریتییە لەوەی کە دەبێت حوکمڕانییەکی باشتر بنیاد بنێن، لەبەر ئەوەی ئەگەر حوکمڕانییەکی باشتر بنیاد نەنێن، خزمەتگوزاریی باشتر دەستەبەر نەکات و دادپەروەری نەهێنێتەدی، ئەوا ڕکابەرەکان سوود لە دۆخەکە وەردەگرن. ئەمەش کێشەی کارکردنی ئەمەریکا بووە. لەبەر ئەوە ئێمە گریمانەی ئەوەمان دەکرد کە ئەمەریکا و حکومەتی عێراق حوکمڕانییەکی باشتری —لە داعش- لە موسڵ و ڕوممادی و تکریت و فەللوجە بەدی هێنابێت، ئەگەرچی هۆکارێك نییە وامان لێبکات کە باوەڕ بەوە بکەین ئەمە ڕاست بوو، بە پێچەوانەوە چەندین هۆکار هەیە کە دەبنەهۆی ئەوەی بڵێین ئەمە ڕاست نەبووە، چونکە ئەوەی بووە هۆی ئەوەی داعش بتوانێت ئەو هەموو ناوچەیە لە ساڵی ٢٠١٤ داگیربکات، ئەوە بوو کە ڕووبەڕووی هیچ بەرگرییەك نەبۆوە، نەبوونی بەرگریش بۆ بێتوانایی حکومەتی عێراق دەگەڕایەوە، هەروەها دانیشتووانی ئەو ناوچانەش کە سوننەکانن، وەك ڕژێمێکی سەرکوتکار لە حکومەتی عێراقیان دەڕوانی و داعشیان بە ڕزگارکەر دەزانی، ئەگەر بە ڕزگارکەریش نەبێت، ئەوا بە هێزێك کە پارێزگارییان لێبکات و باشتر لە حکومەتی عێراق دادپەروەری دەستەبەر دەکات.

*** لەبارەی ئەو بۆچوونەوەی کە دەڵێت داعش پتر گروپێکی هێرشبەرە، نەك بەرگریکار ڕاتان چییە؟**

- ئەوە لێکدانەوەیەکی ڕاستە، لەبەر ئەوەی داعش لە هەوڵی بەرفراوانبووندایە.

**ئەگەر جۆرێک لە دابەشبوون، یان فیدراڵیزمێکی ڕیشەیی نەیەتەئاراوە، ئەوا توندوتیژییەکان بەردەوام دەبن، چونکە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت وەک جۆرێک لە پاکتاوی ڕەگەزی دێتەبەرچاو لەبەرامبەر سوننەکاندا کە لە شوێنەکانی خۆیان دەردەکرێن**

*** ئایا پێتانوایە لە ئەنجامی ئەو شەڕە ناوخۆییە لە عێراق و سووریادا ڕوودەدات و وەك دەرهاویشتەی دەستێوەردانی ئیقلمی و نێودەوڵەتی لەم دوو دەوڵەتەدا، ئەوا چیتر ئەم دوو دەوڵەتە ناتوانن ببنەوە بە وڵاتێکی یەکگرتوو، واتە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە دابەش بوون؟**

- زەحمەتە بتوانین لەمە دڵنیابین، بەڵام ئەوەی لەبەرچاوە ئەم دوو وڵاتە تێکشکاون، بەدڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵدەگرێت، هەروەها هەنگاوێکی لەم چەشنە لە سووریاش بەدی دەکەین. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جارێکی دیکە برایەتی لە نێوان شیعە


و سوننەدا دروست دەبێتەوە و ئایا جارێکی دیکە متمانە بە یەك دەکەن و پێکەوەکار دەکەن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان و ئامانجە نیشتمانییەکان؟ لە راستیدا ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە و زەحمەتە بتوانین وەڵامەکەی بەدەست بێنین. هەروەها هەندێ هۆکاریش هەن وا دەکەن باوەڕ بەوە بکەین کە ئەگەر سنوورەکان نەگۆڕێن و، ئەگەر جۆرێك لە دابەشبوون، یان فیدراڵیزمێکی ریشەیی نەیەتەئاراوە، ئەوا توندوتیژییەکان بەردەوام دەبن، چونکە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت وەك جۆرێك لە پاکتاوی رەگەزی دێتەبەرچاو لەبەرامبەر سوننەکاندا کە لە شوێنەکانی خۆیان دەردەکرێن، بەڵام نازانین ئایا ئەمە دۆخێکی کاتییە، یان بەردەوام دەبێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا زۆرێك لە سوننەکان وا هەست دەکەن کە پاکتاوی رەگەزییان لە دژ دەکرێت، هەم لە عێراق و هەم لە سووریا. لە ئێستادا نزیکەی هەموو کەسێك باس لەوە دەکەن کە دەبێت ئەم وڵاتانە وەك خۆیان بمێننەوە، بەتایبەتی سووریا، بەڵام بۆی هەیە ئەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەبەر ئەوە زیاتر و زیاتر گوێمان لەو دەنگانە دەبێت کە باس لە دابەشبوون دەکەن، ئەو خەڵکانە وا هەست دەکەن کە عێراقی پێشوو و سووریای پێشوو کۆتاییان هاتووە و پێیانوایە بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە جۆرێك لە دابەشبوون پێویستە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت و ئومێد دەکەن بە شێوەیەکی کاتی بێت. لە ئێستادا باس لە فیدراڵیزم دەکرێت و نیگەرانن لە باسکردنی دابەشبوون، بەتایبەتی لە سووریا، لە عێراقیش زیاتر ئەم دەنگە دەبیسترێت. هەرچۆنێك بێت زیاتر و زیاتر ئەوە قبووڵ دەکرێت کە پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکان بنە خاوەنی ئیدارەی خۆیان.

*** باس لەوە دەکرێت کە لە حاڵەتی تێکشکاندنی داعشدا، ئەو چەکدارە بیانییانەی پێشتر لە ئەوروپاوە هاتبوونە نێو داعشەوە دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا و لەبەر ئەوەی هەڵگری پاسپۆرتی ئەو وڵاتانەشن، ئەوا بە ئاسانی دەتوانن کاری تیرۆریستی بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەوروپا ئەم هەڕەشە ئەمنییە بە جددی وەردەگرێت؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەمانە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئەوروپا، کە پێویستە ئەوروپاش زۆر وریا بێت و ئامرازە هەواڵگرییەکان و رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بەکار بهێنێت، ئەوروپاش لەم رووەوە کاری کردووە، بۆ نموونە لە بواری گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگریدا. بەڵام رەنگە زۆرینەی ئەو سەربازە ئەورووپییە کۆنانەی نێو داعش، دووبارە ئاوێتەی کۆمەڵگەی ئەوروپی ببنەوە و نەبنە کەسێکی توندوتیژ، ئەگەرچی هێشتا کەمینەیەك هەر دەمێنێت کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن. ئەو کاتەش دەتوانن هێزی پۆلیس بەکار بهێنن و ئەوروپا و ئەمەریکاش لەم رووەوە ئەزموونێکی باشیان هەیە.



# ناسەقامگیریی سیاسی.. کوردستان وەک نموونە



د. لەیلا ئەمیر عاس
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ناسەقامگیریی سیاسی دیاردەیەکی تایبەت نییە بە سەردەمێکی دیاریکراو، یان وڵاتێك و چەند وڵاتێك. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی جۆرە جیاوازەکانی دەسەڵات رووبەڕووی کێشەی ناسەقامگیریی سیاسی بوونەتەوە. زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کاریگەرییان لەسەر رێژە و ئاستی ناسەقامگیریی سیاسی هەبووە. لەوانەیە هەندێ رووداو، یان هۆکارگەلێك لە کۆمەڵگەیەك ببنە هۆی ناسەقامگیرییەکی زۆر، بەڵام هەمان هۆکار، یان رووداو رەنگە لە کۆمەڵگەیەکیتر رادەیەکی کەمتری ناسەقامگیری لێبکەوێتەوە، یان هەر نەبێتە هۆی ناسەقامگیری.

سەقامگیریی سیاسی کلیلی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵگەیەکە. بە بێ بوونی ئاسایش و ئارامی و فەزایەکی سیاسیی جێگیر، هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت گۆڕانکاری ئەرێنی بەخۆیەوە ببینێت. بەشێکی زۆری کۆمەڵگە گەشەنەسەندووەکان بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی لە حاڵەتی هەژاری و دواکەوتوویيدا دەمێننەوە. بۆیە دەبینین هەموو جۆرەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە هەوڵی پاراستن، یان بەدەستهێنانی سەقامگیریی سیاسیدان، چ بۆ پاراستنی بەرژوەندییەکانی ئەو دەسەڵاتە بێت، یان باش بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکە. سەقامگیریی سیاسی بنەمای پاراستنی ئەمنییەت و لە دواییدا پێشکەوتنی سیاسی و پێشکەوتنی کۆی کۆمەڵگەکە دەبێت.

ئەو کۆمەڵگەیانەی بە قۆناغەکانی ناسەقامگیریدا تێدەپەڕن، نەك تەنیا لە پێشکەوتن دەوەستن و خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەدەست دەدەن، بەڵکو زۆربەی ئەو دەسکەوتانەی بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگەکە دەستیان کەوتووە، دەکەونە ژێر هەڕەشە، یان لە ناو دەچن. ناسەقامگیریی درێژخایەنی سیاسی، کۆمەڵگە بەرەو داڕووخان و گەڕانەوە بۆ دواوە دەبات.

چەمکی ناسەقامگیریی سیاسی چەمکێکی ئاڵۆز و فراوانە. پێناسەکان بەپێی جیاوازی تیۆر و ئاراستە فکرییەکانی تیۆروانانی ئەو بوارە جیاوازە. دێڤید ساندێرز کە پسپۆڕە لە بواری ناسەقامگیری سیاسی، لە کتێبەکەی بە ناوی (مۆدیلەکانی ناسەقامگیریی سیاسی)، باس لەوە دەکات کە ناکرێت سیستەمە سیاسییە جێگیرەکان بە سیستەمی وەستاو و بێ گۆڕانکاری سەیر بکەین. زۆربەی زانایانی زانستە سیاسییەکان کۆکن لەسەر ئەو راستیەی کە سەقامگیریی سیاسی بە مانای نەبوونی توانای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نایەت. ئەو جۆرە سەقامگیرییە کە ساندێرز باسی دەکات بە سەقامگیری دیموکراتیك و ئەکتیڤ ناودەبرێت کە خۆی لە بەرامبەر سەقامگیریی وەستاو، یان تۆتالیتاردا دەبینێتەوە.

بە بۆچوونی ریچاردسۆن ناسەقامگیری ئەو بارودۆخەیە کە تا گەیشتن بە خاڵی رووخان و گۆڕانی سیستەمێك بەردەوام دەبێت. بە هەمان شێوە ناسەقامگیری بەو ویست و حەزە هەژمار دەکرێت کە لە هەوڵی رووخانی سیستەمێکی سیاسیدایە و ئاستی ئەو ناسەقامگیرییە بە دەرچوونی سیستەم لە حاڵەتی هاوسەنگی و رێژەکەشی بە دەستپێکردنی توندوتیژیی سیاسی لە سیستەمێکدا دیاری دەکرێت.

بەگشتی چەمکی ناسەقامگیری بەمانای

نەمانی بنەما و ڕێسا و هەماهەنگی نێوان بەشەکانی سیستەمێك دێت. بەهەمان شێوە گوزارشت لە نارەزایەتی هاووڵاتیان لە بەرامبەر دەسەڵات دەکات. کەواتە ناسەقامگیریی سیاسی دەربڕی ئەو بارودۆخەیە کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسی بڕیار و بەرنامەی سیاسی خۆی دەخاتەڕوو، لەبەرامبەردا هاووڵاتیان بەدەربڕینی ڕێگا جیاوازەکانی نارەزایی ئاشتیخوازانە، یان توندوتیژانە، بە مەبەستی گۆڕینی بارودۆخەکە گوشار دەخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی. هەر بۆیە ناسەقامگیری سیاسی بریتییە لە نەبوونی بەردەوامی لە سیستەم، یان دەسەڵاتێکی سیاسیی چەسپاو. هەروەها دەرخەری بارودۆخێکە کە تێیدا میکانیزمەکان و شێوەکانی چارەسەری ململانێیە سیاسییەکان و بەدەستهێانی تەوافوقی سیاسی بێ ئەنجام دەبێت، یان بەتەواوی بێکاریگەر دەبێت.

دیاردەی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دوو ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە. ڕەنگە لەبەر ئەوەش نەتوانین ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێم بە دیاردەیەکی تەواو ناوخۆیی وەسف بکەین. هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ناوچەیەی کە بۆ نزیکەی سەدەیەکە بەردەوام لە بارودۆخی ناسەقامگیریدایە، لە شەڕ و ململانێ و کۆدتا و لە ناوچوونی ڕژێمەکان. بەم دواییانەش شەپۆلی بەهاری عەرەبی، کە بە ئومێدی گۆڕینی سیستەمە نادیموکراسییەکان لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد، نەك تەنیا ئامانجی خۆی نەپێکا، بەڵکو هۆکاری ناسەقامگیرییەکی بەردەوامی ئەو وڵاتانە بووە بە درێژایی ئەو ساڵانە. جێگیرنەبوونی سیستەمی سیاسی، گۆڕینی خێرای حکومەتەکان، شەڕەکان و نارەزایەتی خەڵك، دەرهاوێشتەکانی ناسەقامگیریی سیاسین لەو وڵاتانە. یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ناسەقامگیری و پشێویی سیاسی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تیرۆرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ناسەقامگیریی سیاسی لە سووریا لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کە بە مەبەستی گۆڕینی ڕژێمی ئەسەد و بەرپاکردنی دیموکراسی درا، دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە. پەرەسەندنی گروپی تیرۆریستی داعش لە سووریا و چەکەرەکردنی بۆ ناو خاکی عێراق، نەمانی سنووری نێودەوڵەتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە بە کردەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر شەڕی داعش، دەرئەنجامە خراپەکانی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە و گەمەی نێودەوڵەتی بووە لە ناوچەکەدا.

بەهەمان شێوە دەبینن دوو دراوسێی تری بەهێزی هەرێمی کوردستان، تورکیا و ئێران لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردان. بارودۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە و هاوسەنگ نەبوونی پێوەندییە دەرەکییەکانیان، تەدەخولاتیان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەیی خستوونیەتە بارودۆخێکی ناسەقامگیر، کە زۆربەی کات بە دروستکردنی قەیران بۆ وڵاتانی دروسێ هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانە نێوخۆییەکان، یان کپ کردنی دەنگی نارەزایی ناوخۆیی دەدەن. لە بارودۆخێکی ناوچەیی ئاوادا ناوچەیەکی وەکو هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەدوور بێت لەو قەیرانانە، یان نەکەوێتە ژێر کاریگەرییان.

هەموو ئەو ئاڵۆزییەی لە شێوازی حوکم و بەڕێوەبردنی عێراق بەرچاو دەکەوێت، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر نەك تەنیا دیموکراسی نەهێنا ئاراوە، بەڵکو هەموو ئەو نارەزایەتی و دووبەرەکییەی کە پێشتر لە ژێر ناوی دەوڵەتی عێراق لە لایەن پێکهاتە جیاوازەکانی شیعە و سوننە و کورد کپ کرابوون، بەدەرخست. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دەیەیەك، ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخی سیاسیی عێراق ناسەقامگیرتر و گرفتە ئابوورییەکان و نەتوانینی بەیەکەوە ژیان قووڵتر دەبێتەوە.

کاتێك ئێمە بمانەوێت لە دیاردەی ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستان تێ بگەین، ناتوانین هەموو ئەو فاکتەرە دەرەکییانە کە ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر داهاتووی کوردستان لەبەرچاو نەگرین. بۆیە دەبینین ڕەهەندە ناوخۆییەکانی ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە تەدەخولاتی دەرەکی.

ڕەهەندی ناوخۆیی ناسەقامگیری لەهەرێمی کوردستان کۆمەڵێك فاکتەر لەخۆ دەگرێت. فاکتەری یەکەم نەبوونی دەوڵەتی کوردییە. بوونی دەوڵەت وەکو چوارچێوەیەك بۆ دانپیانان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پاراستنی کۆمەڵگە لە تەدەخولاتی دەرەکی هەنگاوی یەکەمی پاراستنی ئەمنییەت و سەقامگیری کۆمەڵگەکە دەبێت. لە ماوەی چەند ساڵی حوکمڕانیی کورد بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە چۆن وڵاتانی دراوسێ و بیانی لە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەت و بەکارهێنانی گەمەکەرە ناوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدانی توندترین ناکۆکییەکان و کێشە ناوخۆییەکان هەبووە.

**کێشەکە لەو قۆناغەوە دەست پێدەکات کە حکومەت لە ناکاو لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شەڕی داعش، تێکچوونی پێوەندی لەگەڵ بەغداد، دابەزینی نرخی نەوت و لەوان گرنگتر بەهەدەردانی سامانی گشتی لە ڕێگەی گەندەڵییەوە نەتوانێت نەک لە ئاست ئەو چاوەڕوانییەدا بێت، بەڵکو بژێوی خەڵکیشی پێ دابین نەکرێت**

**پەرەدان بە گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی لەهەموو ئاستەکانی ئاسۆیی و ستوونی، وایکردووە کە دیاردەی گەندەڵی وەکو بەهایەک جێپێی لەنێو هەموو دامەزراوەکان قایم ببێت**

**نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی پێویست و پشتبەستنی تەواومان بە بەرهەمی دەرەکی، یەکێک لە بەرچاوترین مەترسییەکانە لەسەر ئەمنییەت و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان. ئەمە هۆکارێکە کە لە داهاتوودا لە پرسی سەربەخۆیی و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت**

سیستەمی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی هۆکارێکی تری ناسەقامگیری بووە لە کوردستان. تا ئێستاش هێڵە گشتییەکانی دەسەڵاتی کوردی و حکومەت، بەرامبەر بابەتگەلێکی وەکو سیاسەتی دەرەکی، هاوهەڵوێستی بەرامبەر بەغداد، فەلسەفەیەکی دیاریکراو لە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، پرسی ژنان و گەنجان، باری ئابووری و سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی، شێوازی دروستبوونی حکومەت و ئەرکی هەریەکە لە دەسەڵاتی یاسادانان و کارگێری و دادەوری دیار نییە.

نەبوونی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی پێوەندییە دەرەکییەکان لە ڕێگەی دامەزراوە پەیوەستدارەکان و ڕێگری لە دروستکردنی پێوەندی لایەن و حزبەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە کە لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا هەبووە، بە یەکێك لە گرفتەکانیتر هەژمار دەکرێت. هەبوونی یاسایەك کە چوارچێوەی پێوەندی و ڕێککەوتنی لابەلای حزبە کوردستانییەکان ڕێك بخات، هەنگاوێکی زۆر گرنگ دەبێت. ئەمە بە مانای ڕێگریکردنی یاساییە لە تەدەخولاتی دەرەکی بە بەکارهێنانی گەمەکەرە سەرەکییەکان لە هەرێم کە تا ئێستاش حزبە سیاسییەکانن.

دارشتن و هەبوونی سیاسەتێکی گونجاو لە کارکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، کە بتوانێت لە ئاست داخوازی پێویستییەکانی هاووڵاتیاندا بێت، لە دونیای ئەمڕۆدا ماکێکی دیاریکاری حکومەت و دەسەڵاتە سەرکەوتووەکانە. نوێبوونەوە و گۆڕانکاری لە هۆکارەکانی پێوەندیکردن، بەجیهانیبوون و ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کرانەوەی عێراق و هەرێم بەسەر پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوادا، هەرێمی خستە نێو شەپۆلی گۆڕانکارییەکان کە ئەوانیش بە بەرنامە نەبوون. بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان لە دیاریکردنی ئەرك و پێکهاتەی بونیادە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان بێتوانا بووە. ئەمەش دەرخەری هەبوونی کۆمەڵێك قەیرانە کە لەسەرەتاوە قەبارە و شێوازی لای ئێمە دیار نەبووە، بۆیە لاشمان گرنگ نەبووە بە دوای چارەسەریدا بگەڕێین.

لە کایەی سیاسیدا ئەو قەیرانانە ڕوونتر خۆیان دەنوێنن. سەرەڕای ئەزموونی زیاتر لە دوو دەیەی هەرێم، زەینییەتی سیاسیی کۆمەڵگەی سیاسیی هەرێم گۆڕانکارییەکی وای بەخۆوە نەدیوە و سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان هەر لە قاوغی شێوازە تەقلیدییەکەی خۆیدا ماوەتەوە.

زەینییەتی سیاسیی کورد بە درێژایی سەدەی رابردوو زەینییەتێکی شۆڕشگێڕی بووە بە مەبەستی گەیشتن بە سەربەخۆیی، بەڵام دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان و خۆبەڕێوەبردن نەتوانرا ئەو زەینییەتە لەگەڵ زەینییەتی خۆبەڕیوەبردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستان تێکەڵ بکرێت، یان بگۆڕدرێت. ئەم کێشەیە بە جوانی لە نەبوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و ئاراستەکراو، نەبوونی فەلسەفەیەکی سیاسیی گونجاو خۆی دەردەخات. دەبینین بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم بەرنامەی کورت خایەنن. لەگەڵ گۆڕینی هەر کابینەیەك هەر وەزیرێك، ترس و دڵەڕاوکێ دروست دەبێت کە بەرنامەکانی کابینەی پێشوو، یان وەزیری پێشوو تا چەند جێبەجێ دەکرێت، یان بەرنامەی نوێ دەخرێتەڕوو. بێگومان ئەو دیاردەیە لەرزۆکیی سیاسەتی حکومەتی هەرێم و ڕەهەندێکی ناسەقامگیری سیاسیی هەرێممان نیشان دەدات.

لایەنێکیتر کە لە ئێستادا و لە داهاتوودا هۆکارێکی سەرەکیی ناسەقامگیریی سیاسی دەبێت، جیاوازی و فرەنەتەوەییە لە هەرێمی کوردستاندا. نەتەوەی کورد سەرەڕای هەموو ئەو غەدرەی لێیکراوە و مافی خوراوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ نەتەوە هاوسێکانی زۆر مرۆڤدۆستتر و لێبووردەبووە. جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش هۆکاری کێشە و توندوتیژی نەبووە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا. هەرچەند ئەو سیفەتە وێنایەکی جوانی بە کۆمەڵگەی کوردستان بەخشیوە بەڵام لە ڕووی کرداری و لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم و دامەزراوە سیاسییەکان ئەو بابەتە بە ڕوونی و وەکو پێویست نەخشەی بۆ نەکێشراوە. ئاماژەمان پێدا لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان بە ڕوونی دیار نییە، بەڵام ئەو بابەتە زیاتر کاردەکاتە سەر نەتەوە بچووکەکان و ئایینەکانیتر لە هەرێمدا و و لەبەر هەستکردنیان بە بێبەشی ڕێژەیی لە ماف و پێیویستییەکانیان زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری گوشار و خواستی دەرەکی و ناوچەیی و دەشی لە داهاتوودا ببنە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستان.

سیاسەتی ئابووریی هەرێمی کوردستان، کە دەتوانین بڵێین شتێکی دیاریکراو بەو ناوە بوونی نییە، دووبارە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییە ناوخۆییەکانی ناسەقامگیریی سیاسییە. هەر لە

**نەتەوەی کورد سەرەڕای هەموو ئەو غەدرەی لێیکراوە و مافی خوراوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ نەتەوە هاوسێکانی زۆر مرۆڤدۆستتر و لێبووردەبووە. جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش هۆکاری کێشە و توندوتیژی نەبووە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا**

**زەینییەتی سیاسیی کورد بە درێژایی سەدەی رابردوو زەینییەتێکی شۆڕشگێڕی بووە بە مەبەستی گەیشتن بە سەربەخۆیی، بەڵام دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان و خۆبەڕێوەبردن نەتوانرا ئەو زەینییەتە لەگەڵ زەینییەتی خۆبەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستان تێکەڵ بکرێت**

**دارشتن وهەبوونی سیاسەتێکی گونجاو لە کارکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، کە بتوانێت لە ئاست داخوازی پێویستییەکانی هاووڵاتیاندا بێت، لە دونیای ئەمڕۆدا ماکێکی دیاریکاری حکومەت و دەسەڵاتە سەرکەوتووەکانە**

سەرەتای دروستبوونی هەرێم، دەسەڵاتی کوردی بەرچاوڕوونی و بەرنامەیەکی دیاریکراوی نەبووە بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری. هەرچەند لە ناوبردنی ژێرخانی ئابووری لە لایەن رژێمی بەعسەوە هۆکاری سەرەکیی دارمانی ئابووری بووە لەهەرێمدا، بەڵام دوای ١٩٩٢، بە بەرنامە و کردەیی پلانی گونجاو بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری لەئارادا نەبووە. نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی پێویست و پشتبەستنی تەواومان بە بەرهەمی دەرەکی، یەکێك لە بەرچاوترین مەترسییەکانە لەسەر ئەمنییەت و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان. ئەمە هۆکارێکە کە لە داهاتوودا لە پرسی سەربەخۆیی و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت. یان دەسەڵاتی کوردی دەبێت لەو قۆناغەی کەبەرەو دەوڵەتبوون دەچین، لە بڕیارە چارەنووسسازەکان ئەو بابەتە بەهەند وەربگرێت، یان جێگرەوەی ئەمە بدۆزێتەوە کە دووبارە زەحمەتە.

داهاتی گومرگ و خاڵە سنوورییەکان لە دوای ١٩٩٢ و دەرەنگتر نەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی هەرێم بووە. پەرەدان بە گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی لەهەموو ئاستەکانی ئاسۆیی و ستوونی، وایکردووە کە دیاردەی گەندەڵی وەکو بەهایەك جێپێی لەنێو هەموو دامەزراوەکان قایم ببێت و ببێتە بەشێك لە کەلتووری کۆمەڵگەکەمان. هانتیگتۆن کاتێك بارودۆخی سیاسی لە وڵاتە گەشەسەندووەکان شیدەکاتەوە، باس لەوە دەکات کە هەندێ جار ڕێژەیەکی کەمی گەندەڵی یارمەتیدەر دەبێت بۆ پاراستن و بەردەوامیدان بە سەقامگیریی سیاسی، ئەمەش کاتێك کە دەسەڵات بۆ رازیکردنی لایەنە جیاوازەکان بە کاری دێنێت. بەڵام لە هەمان کات ئەوە بەو مانایە نییە کە گەندەڵی چارەسەری کۆتایی بێت. چونکە هەمان ئەو گەندەڵییە ئەگەر بە ڕێژە و قەبارە زیادبکات، لە کۆتاییدا لە جیاتی ئەوەی کە یارمەتیدەری سەقامگیریی سیاسی بێت، هۆکاری توندوتیژی و ناسەقامگیری دەبێت.

لە لایەکیتر نەبوونی فەلسەفەیەکی دیاریکراو لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم وایکردووە کە بەلایەنی کەم دوای ٢٠٠٣ و بووژانەوەی ئابووری لە هەرێم بێبەرنامەیی بە خەرجکردن و خێرا دەوڵەمەند بوون و بەرزبوونەوەی چاوەڕوانی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی خێرا و بەردەوام وەکو پرەنسیپێك سەیر بکرێت. بەرزبوونەوەی ئەم چاوەڕوانییانە لە ئێستادا کە حکومەتی هەرێم لە توانایدا نییە پڕیان بکاتەوە، هۆکارێکیتری ناسەقامگیریی سیاسی دەبن. بوونی گەندەڵی بە کەلتووری کۆمەڵگە و دەوڵەمەندبوونی خێرای کەسەکان بەتایبەت ئەوانەی خاوەن پۆستن لە حکومەت و حزب، بارودۆخێکی وای دروست کردووە کە هەمیشە هاووڵاتیان خۆیان بە کەسانێك بەراورد بکەن کە لەوان خێراتر و زووتر دەستکەوتی زیاتریان هەبووە. ئەمە وایکردووە بابەتی هەستکردن بە مەغدووری، کە بە پێی تیۆری (تێد رۆبێرت گێر) بە بێبەشی ڕێژەیی، نەك راستەقینە ناودەبرێت، ببێتە حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی هاووڵاتیان و جۆرێك لە نارەزامەندی شاراوە، یان پەنگخواردوو دروست بکات. سەرەڕای ئەمە هەر کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن چاوەڕوانییەکان لە ئاست توانایی بەدەستهێنانیاندا دەبن، وەکو ئەو بارودۆخەی دوای ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی بەعس لە هەریمی کوردستان دروستبوو بە رژانی پارەیەکی زۆر وەکو داهاتی هەرێم و دواتریش لەسەر ئاستی تاکەکەسی، بەردەوام هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئاستی چاوەڕوانی هاووڵاتیان بەرزببێتەوە. هەرچەند خودی کێشەکە لەوە نییە کە هاووڵاتیان چاوەڕوانییان بەرز بێت و داوای ژیانی خۆشگوزەران بکەن. بەڵکو کێشەکە لەو قۆناغەوە دەست پێدەکات کە حکومەت لە ناکاو لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شەڕی داعش، تێکچوونی پێوەندی لەگەڵ بەغداد، دابەزینی نرخی نەوت و لەوان گرنگتر بەهەدەردانی سامانی گشتی لە رێگەی گەندەڵییەوە نەتوانێت نەك لە ئاست ئەو چاوەڕوانییەدا بێت، بەڵکو بژێوی خەڵکیشی پێ دابین نەکرێت. بەمەش هاوسەنگییەکە تێکدەچێت و لە ئەنجامی تێکچوونی ئەو هاوسەنگییە هەستکردن بە بێبەشی ڕێژەیی زیاد دەکات. ئەمەش لە دواییدا هۆکاری دروستبوونی نارەزایەتییەکی گشتییە کە لە زەینییەتی تاکەکان پەنگ دەخواتەوە و بە تێپەڕبوونی کات قووڵدەبێتەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی هەر دەرفەتێك لە شێوەی کرداری توندوتیژانە، یان نارازامەندی دەردەکەون.

ئێستا هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا تێدەپەڕێت. دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی چەند ساڵەی قەیرانەکان، سیستەمی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەو ناسەقامگیری زۆرتر هەنگاو دەنێن. ئەگەر نەتوانرێ ئیحتوای ئەو دیاردانە بکرێت و قەیرانە ناوخۆییەکان چارەسەر بکرێت، بێگومان رەهەندی دەرەکی و ناسەقامگیری زیاتر بارودۆخی هەرێم بەرەو شڵەژان و لێکترازان دەبات.

**بوونی دەوڵەت وەکو چوارچێوەیەک بۆ دانپیانان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پاراستنی کۆمەڵگە لە تەدەخولاتی دەرەکی هەنگاوی یەکەمی پاراستنی ئەمنییەت و سەقامگیری کۆمەڵگەکە دەبێت**

**تورکیا و ئێران لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردان. بارودۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە و هاوسەنگ نەبوونی پێوەندییە دەرەکییەکانیان، تەدەخولاتیان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەیی خستوونیەتە بارودۆخێکی ناسەقامگیر، کە زۆربەی کات بە دروستکردنی قەیران بۆ وڵاتانی دراوسێ هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانە نێوخۆییەکان، یان کپ کردنی دەنگی نارەزایی ناوخۆیی دەدەن**

**شەپۆڵی بەهاری عەرەبی، کە بە ئومێدی گۆڕینی سیستەمە نادیموکراسییەکان لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد، نەک تەنیا ئامانجی خۆی نەپێکا، بەڵکو هۆکاری ناسەقامگیرییەکی بەردەوامی ئەو وڵاتانە بووە**



# کەمکردنەوەی وەرگرتنی بڕە گەنمی جووتیارانی کوردستان و دانانی خاڵی گومرکی عوزێم مەرامی سیاسی لەپشتە

حکومەتی بەغدا ماوەی سێ ساڵە شایستە داراییەکانی گەنمی جوتیارانی نەناردووە، تەنانەت دەستی کردووە بەکەمکردنەوەی ڕێژەی ٣٠٪ی برە گەنمی جوتیارانی هەرێم، لەکاتێکدا پرۆسەی وەرگرتنی گەنم لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق تەواو بووە، ئەم هەڵوێستەشی وەکو سزایەکی سیاسی وایە لەدژی هەرێم و جوتیارانی کوردستان، هەروەکو چۆن ماوەیەک بەبیانووی ئەنفلۆنزای باڵندەوە گەمارۆ لەسەر بەروبوومی کێڵگەکانی پەلەوەر دانا. لەلایەکی دیکەوە بەغدا لەپێشێلکارییەکی نوێی دەستووریدا خاڵێکی گومرکی لەعوزێم لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق داناوە، مەبەست لێی زیانگەیاندنە بەداهاتی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بازرگان و بیزنسکارانی هەرێم و گۆڕینی ڕێڕەوی بازرگانی، لەکاتێکدا خاڵی سنووری گومرکیی کوردستان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراق باوەڕپێکراوەو کارێکی نایاساییشە ئەگەر دووجار گومرک لەکاڵاو کەلوپەلە بازرگانییەکان وەربگیرێت. ئەم کارو کردەوانەی بەغدا نابێت تەنیا وەك ئەوە سەیر بکرێت کەتەنیا سەرپێچییە دژ بە مافی جوتیاران و بازرگانان، بەڵکو پێوەندی بەئاییندەی خۆبژێوی و ئابووری هەرێمێکەوە هەیە کە چەند ساڵێکە مالیکی و دەست و تاقمەکەی بەهاوشێوەی ڕژێمی بەعس کار بۆ خنکاندنی ئابووری هەرێم و زیانگەیاندن بە بودجەو مووچەی هاووڵاتیانی هەرێم دەکەن.

پیلان و مەرامەکانی بەغدا بۆ زیانگەیاندن بەکەرتی کشتوکاڵ و ئاستەنگ دانان بۆ گواستنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و پەلەوەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستاندا دەتوانێت ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕێت لەپێشخستنی ئابووری نەتەوەیی و دۆزینەوەی هەلی کار، بوونی ١,٥ ملیۆن هێکتار زەوی ئاودێری و ژینگەو کەشوهەواو بەرزبوونەوەی بەرهەمی گەنم و زۆر لەبەروبوومەکانی تر ڕێگەخۆشکەرە بۆ جۆراوجۆرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و باشکردنی کوالێتی. لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا پێش ئەوەی حکومەتی عێراق هەڵمەتی وێرانکردنی گوندەکان و داخستنی کۆلێژی کشتوکاڵ دەست پێ بکات؛ کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی بووە بۆ بژێوی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی هەرێم، ئەمڕۆش ئاستەنگدانان بۆ کڕینی گەنمی جوتیاران و ڕێگرتن بۆ بەبازاڕکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و پەلەوەری کوردستان لەناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق زیانێکی گەورە بەسیاسەتی بە بازاڕکردنی کشتوکاڵی کوردستان دەگەیەنێت.

**● حکومەتی بەغدا سیاسەتێکی ناڕەواو دوژمنکارانە بەرامبەر جووتیارانی کوردستان پەیڕەو دەکات**

دکتۆر ئەنوەر عومەر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێیوایە حکومەتی بەغدا سیاسەتێکی ناڕەواو دوژمنکارانە بەرامبەر جووتیارانی کوردستان پەیڕەو دەکات؛ لەمبارەیەوە لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی: «سیاسەتی دوژمنکارانەی عێراق بەرامبەر کەرتی کشتوکاڵی کوردستان مێژوویەکی کۆن و بەردەوامی هەیە، ئەوەتا ئەمساڵ هەندێك لەو پەرلەمانتارانەی کە بەدژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان ناسراون، باسی ئەوەیان کردووە گوایە جووتیارانی کوردستان گەنمی دەرەوەیان هێناوە، هەربۆیە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق جگە لەکارە رۆتینی و ئاستەنگەکانی هات بەدوو قۆناغ کڕینی گەنمی جووتیارانی کوردستانی بەرێژەی لە ٣٠٪ کەم کردەوە، واتا تەنیا ڕێگە بە ٨٨٠ هەزار تۆنی بەرهەمی گەنمی جووتیاران لەسایلۆکان دراوە. لەکاتێکدا عێراق پێویستی بە ٧ ملیۆن تۆن گەنم هەیە کە ٥ تۆنی تەنیا بۆ بەرنامەی کۆبۆنی خۆراکە، لە هەموو پارێزگاکانی عێراقیش ٢ ملیۆن تۆن گەنمیان هەبووەو جیاوازییەکەی دەبێت لەدەرەوە بهێنن. وەرگرتنی گەنم و خەرجییەکانی و تەواوی پرۆسەکە خراوەتە چوارچێوەی بودجەی سیادییەوە، کەچی ئەوان بەبێ هیچ پاساو و وەڵامێك بڕیاری لەناکاو دژ بەجووتیارانی کوردستان دەردەکەن. بگرە خەرجی لە ٢٪ی بەڕێوەبردنی پرۆسەکەو ڕێژەیەکی تری لە ٢٪ی بڕینی موستەحەقاتی جووتیاران بۆ پاڵپشتی تۆوی باوەڕپێکراو کە براوە لەجووتیارانی هەرێم کە لە٢٠١٣ ـەوە ٢٢ ملیار دینار دەکات، هەمووی تەسلیمی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق کراوەو بۆ جووتیارانی خۆیان خەرجیان کردووە، لەکاتێکدا دەبوایە ئەو پارەیە بدرێتەوە جووتیارانی کوردستان، چونکە لە گیرفانی ئەوان وەرگیراوە.»

**● وەرگرتنی سەرانەو ڕفاندنی شوفێری لۆرییە بارهەڵگرەکان لەلایەن چەکدارانی حەشدی شیعییەوە**

سەبارەت بەدانانی گەمارۆ و ئاستەنگ لەسەر بەرهەمی کەرتی پەلەوەری هەرێم بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لەوەزارەتی کشتوکاڵ وتی: «باشترین بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی پەلەوەری هەرێم بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقە، چونکە لەهەندێك وەرزی ساڵ بەرهەمەکانمان لە پێداویستی ناوخۆ زیاترە، یا بۆ پاڵپشتی نرخ ئەو بازاڕانە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانمان زۆر پێویستن، ئەوان لەبەغدا سەرباری دانانی گومرك بۆ کەمکردنەوەی ناردنی بەروبوومەکانی کوردستان، دەیان بازگەی چەکداری حەشدی شیعییان

**وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق جگە لەکارە رۆتینی و ئاستەنگەکانی هات بەدوو قۆناغ کڕینی گەنمی جووتیارانی کوردستانی بەرێژەی لە ٣٠٪ کەم کردەوە، واتا تەنیا رێگە بە ٨٨٠ هەزار تۆنی بەرهەمی گەنمی جووتیاران لەسایلۆکان دراوە. لەکاتێکدا عێراق پێویستی بە ٧ ملیۆن تۆن گەنم هەیە کە ٥ تۆنی تەنیا بۆ بەرنامەی کۆبۆنی خۆراکە**

**لەبەغدا سەرباری دانانی گومرک بۆ کەمکردنەوەی ناردنی بەروبوومەکانی کوردستان، دەیان بازگەی چەکداری حەشدی شیعییان داناوەو سەرانەو پارە لە جووتیاران و خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر وەردەگرن، تەنانەت ئازارو سووکایەتی بە شوفێری لۆرییە بارهەڵگرەکانیشەوە دەکرێت**

داناوەو سەرانەو پارە لە جووتیاران و خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر وەردەگرن، تەنانەت ئازارو سووکایەتی بە شوفێری لۆرییە بارهەڵگرەکانیشەوە دەکرێت، بگرە ماوەیەك لەمەوبەر بەبیانووی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەوە رێگایان نەدا ئاژەڵ و بەرهەمی پەلەوەری کوردستان بچێتە ناوچەکانی خۆیان، لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لەیەکێك لەکێڵگەکانی دهۆك هەبوو هەر زوو سنووردارو کۆنترۆڵ کرا، ئێستاکە ئەو قەدەغەکردنە نەماوە، بەڵام وەرگرتنی سەرانەو باج و رفاندن و ئاستەنگدانان لەبەردەم هاتوچۆی لۆرییە بارهەڵگرەکانی کوردستان هەرماوە، بوونی ئەو هەموو چەکدارەی حەشدی شیعی لەسەر رێگای نێوان هەرێم و بەغدا دۆخەکەی مەترسیدارترو ئاڵۆزتر کردووە، تەنانەت وایکردووە نرخی ئەو بەروبوومە لەبازاڕەکانی عێراق بەرز بێتەوەو کڕیاری کەم بێت، چونکە بەهۆی مەترسییەکانی گروپە چەکدارەکان و سەرانە وەرگرتنەوە خەرجی و تێچوونی گواستنەوەی زیادی چووەتە سەر، لەلایەکی دیکەوە ئەرکی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاودێری و دابینکردنی بنەتۆو دەرمان لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە حکومەتی عێراق بەناوچەکانی ١٤٠ی ناوی دەبات، دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق، کەچی ئەوان خۆیان لەم بەرپرسیارێتییە دەدزنەوە، لەم رووەوە ئێمە لەوەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم بەپێی توانای دارایی بەردەست یارمەتی هاووڵاتییانی خۆمان دەدەین و هەر لەلێدانی بیرو دابینکردنی دەرمان و چەندین کاری دیکەی وەکو کارئاسانی و هاوکاریی جووتیارانمان لەئەستۆ گرتووە.»

**● دانانی خاڵی گومرکی عوزێم بۆ رێگری لەجموجوڵی بازرگانییە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا**

سەبارەت بەدانانی خاڵی گومرکی عوزێم لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، کە جگە لەوەی سەرپێچییەکی دەستوورییە زیان بەداهات و بازرگان و بزنسکارانی کوردستانیش دەگەیەنێت، عەزیز ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتی دیوان لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وتی: «گەرچی لەنێوان هەردوو وەزارەتی بازرگانی عێراق و کوردستان کۆنووسی لێکگەیشتنمان لەنێواندا هەیە، بەڵام تا ئێستا نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، تەنانەت ئەوان بەپێچەوانەی دەستووری عێراقەوە هاتوون خاڵی گومرگیان لە عوزێم داناوە، لەکاتێکدا خاڵی گومرکی واتا دانانی سنوورو بەربەست لەبەردەم جموجوڵی بازرگانی، ئەو بازرگانییەی عێراق کە لە ٧٠٪ی ئەو ئاڵوگۆڕییە بەخاکی کوردستاندا دەڕوات، ناکرێت لەیەك کاتدا لەیەك کاڵاو شمەکێك دووجار گومرك وەرگیرێت، خاڵە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەران و باشماخ و پەروێزخان) ناوچەی سنووریی فەرمین و لەوەزارەتی دەرەوەی عێراق باوەڕپێکراون، نەك تەنیا دەبێت رێگری لەبەردەم ئەو کاڵاو کەلوپەلانە دانەنرێت کە لەو خاڵە سنوورییانەوە دێتە ناو خاکی وڵاتەوە، بەڵکو دەبێت لەرووی ئەمنیشەوە پارێزگاری لێ بکرێت، بەڵام ئەوان تەنیا بەدانانی ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم تێپەڕبوونی کاڵاو کەلوپەلە بازرگانییەکان نەوەستاون، بەڵکو ئەوان هاتوون لەرێگەی گروپە چەکدارەکانی شیعەوە چەندین بازگەیان داناوەو زۆربەی جار ئازارو زیانیان بە شوفێرانی ئەو لۆرییە بارهەڵگرانە گەیاندووە کە کەلوپەلیان لەناوچەکانی کوردستانەوە گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق.»

**● جگە لەبڕینی بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم بەغدا دژایەتی کەرتی کشتوکاڵی کوردستانیش دەکات**

سەبارەت بەشایستە داراییەکانی کڕینی گەنمی جووتیاران بەڕێوەبەری گشتی دیوان لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وتی: «کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی هەموو عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە بڕگەیەکی یاسایی ناو یاسای بودجەی عێراقە، تەنانەت لە بەشە بودجەی تایبەت بەهەرێمی کوردستان لەدەقی دەستوورەکەدا دیاری کراوە. کەواتە حکومەتی عێراق دەبێت پابەندی پێدانی موستەحەقاتی کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی عێراق و کوردستانیش بێت، کە جێگای نیگەرانی و نائومێدییەکی زۆرە وا بۆ ساڵی سێیەم دەچێت حکومەتی مەرکەزی قەرزاری جووتیارانی هەرێمی کوردستانە، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر گەنمی جووتیارانی عێراق ماوە ئەم موستەحەقاتە وەرنەگرن. ئێستا حکومەتی عێراق ٦٢٠ ملیار دۆلاری موستەحەقاتی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی نەداوە، ئەمساڵیش بۆ ساڵی ٢٠١٦ بڕی ٨٧٥ هەزار تەن گەنم لەهەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لە جووتیاران وەرگیراوە. ئەمە پیلانە و مەرامی سیاسی خۆی لەپشتی هەیە، ئەوان دەزانن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی کۆمەڵێك چاکسازییەوە دەیەوێت لەقەیرانی دارایی دەربازی بێت یەکێك لەهەوڵەکانی لەرێگەی کەرتی کشتوکاڵەوەیە هەربۆیە ئەوان دژایەتی ئەم کەرتەی کوردستانیش دەکەن ئەمە کێشەیەکی گەورەی بۆ جووتیارانی هەرێمی کوردستان دروست کردووەو بووەتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ، ئەگەر هاتوو ئەو پارەیە بدرایە، بەدڵنیاییەوە ئاستی بەرهەمی گەنمی کوردستان یەك ملیۆن تەنی تێدەپەڕاند.»

هەر سەبارەت بەدژایەتیکردن و کەموکورتییەکانی ناوەند بەرامبەر هەرێم ئێستا گلەیی و گازندەیەکی زۆر لەبەرامبەر بەشە خۆراکی هاووڵاتیانیش هەیە. لەم رووەوە ئیبراهیم عەزیز عەبدۆ وتی: «هەرچەندە لە ئێستادا بەشە خۆراکی

هاووڵاتیان لەچوار ماددەی سەرەکی (ئارد- شەکر – زەیت – برنج ) بچووك کراوەتەوە، هەر خۆراکێکیش دابەش نەکرێت، حکومەتی مەرکەزی بەپارە قەرەبووی هاووڵاتییان دەداتەوە، وێڕای تێبینیەکانمان لەسەر کەموکورتییەکانی ئەم بەرنامەیە لەجۆرو کوالێتی مەوادەکان و نەگەیشتنیان لەکات و ساتی خۆی و بەپچڕ پچڕ ناردنیان و دواکەوتنی قەرەبووکردنەوەی ماددەکان بەپارە؛ ئەوان نەهاتوون سوود لەتەواوی گەنمی جووتیارانی کوردستان وەربگرن، بەڵکو بەپارەیەکی زۆر گەنم لەدەرەوەی وڵات دەهێنن.»

**● ئێمە ئاو بۆ کەرتی کشتوکاڵی عێراق بەردەدەینەوە کەچی ئەوان دژایەتی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان دەکەن**

لەبەرامبەر ئەم پێشێلکاری و دژایەتییانەی زۆر لەو پەرلەمانتارو وەزیرو بەرپرسانەی عەرەب بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامی دەدەن، سەرۆکی عێراق کە لەپشکی کوردەو پەرلەمانتارەکان بەپێی پێویست نەیانتوانیوە لەهەوڵی گەڕانەوەی مافەکانی جووتیاران بن، بگرە زۆرجار پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو کەسانەیە کە دەستیان لەبڕینی بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستاندا هەبووە، مالیکی و دەست و تاقمەکەی لەپەرلەمان و حکومەت بەردەوامن لەسەر ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانە، وەنەبێت هەرێمی کوردستانیش خاڵی بەهێزی نەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پێشێلکارییانە، بەتایبەتی کە لەئێستادا لەسەر دەستی پێشمەرگەو خوێنی شەهیدان توانراوە تەواوی خاکی هەرێم ئازاد بکرێت و کوردستان سەروەریی خۆی هەبێت، لەرووی کشتوکاڵیشەوە وەرەقەی فشارمان لەسەر بەغدا لەدەستدایە بەوەی بەردانەوەی ئاو لەهەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان لەدەستی کورددایە. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی کشتوکاڵ وتی: «تا ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەپێی داخوازی بەغدا بێ داواکاری و بەرامبەر ئاوی لەهەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بەرداوەتەوە، بەڵام لەمەودوا داواکاریمان دەبێت بەتایبەتی لەهەردوو بەنداوی دەربەندیخان و دوکان کە بە بەنداوی سیادی و ستراتیژی دادەنرێن و زۆری بەردانەوەی ئاوەکە بۆ ناوچە کشتوکاڵییەکانی ئەوانە، ناکرێت هەموو خەرجی سیانەو چاککردن و پەرەپێدان و پاککردنەوەی بەنداوەکان لەسەر بودجەو حیسابی هەرێمی کوردستان بێت و ئەوان هیچ بودجەو پارەیەك نەنێرن، لەکاتێکدا بەنداوەکانی خۆیان لەسەر بودجەی سیادی هەموو عێراق بودجەو خەرجی بۆ دادەنرێت، تەنانەت مووچەی پۆلیس و پاسەوانیش لەسەر ئەو بودجە سیادییەیە، لەکاتێکدا ئێمە ئاو بۆ کەرتی کشتوکاڵی عێراق بەردەدەینەوە، کەچی ئەوان گومرك و ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دادەنێن.»



عەزیز ئیبراهیم:

**خاڵی گومرکی لە عوزێم پێشێلکاریی دەستوورییە و دانانی سنوورە لەنێوان کوردستان و عێراقدا**



دکتۆر ئەنوەر عومەر:

**وەرگرتنی گەنم و خەرجییەکانی لە چوارچێوەی بودجەی سیادییە، کەچی ئەوان بەبێ هیچ پاساوێک بڕیاری لەناکاو دژ بەجووتیارانی کوردستان دەردەکەن**

**کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی هەموو عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە بڕگەیەکی یاسایی ناو یاسای بودجەی عێراقە، تەنانەت لە بەشە بودجەی تایبەت بەهەرێمی کوردستان لەدەقی دەستوورەکەدا دیاری کراوە. کەواتە حکومەتی عێراق دەبێت پابەندی پێدانی موستەحەقاتی کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی عێراق و کوردستانیش بێت**

**ئێستا حکومەتی عێراق ٦٢٠ ملیار دۆلاری موستەحەقاتی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی نەداوە، ئەمساڵیش بۆ ساڵی ٢٠١٦ بڕی ٨٧٥ هەزار تەن گەنم لەهەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لە جووتیاران وەرگیراوە. ئەمە پیلانە و مەرامی سیاسی خۆی لەپشتی هەیە**